# چاپکراوی نوێ


کتێبی (تەقەی خۆشی ڕامەگرن) کۆنووسینێکی نووسەرو ڕۆژنامەنووس (سەلام عەبدوڵڵا)یە، ئەم کتێبە دەچێتە قاڵبی ئەدەبی تەنزەوە، کە لای ئێمەی کورد بڕێك نوێیە، هەروەك نووسەر لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: ئەم جۆرە ئەدەبە کە تەواو نوێیە لە سەرەتادا تووشی بەرەنگاربوونەوە دەبێت و دژایەتیی دەکرێت و نووسەرەکەی تووشی دەردەسەری دەبێت. زۆربەی ئەو چیرۆکانە کاتی خۆی لە دووتوێی کتێبێکدا بەنێوی (تەقریرستان) لە ساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانییەوە بڵاوکراونەتەوە، هەندێك لە نووسینەکان سەرەتای ساڵانی هەشتا نووسراون لە دەرەوەی وڵات بڵاوکراونەتەوە، بۆیە بێ دەستکاری وەك خۆیان لێرەدا جارێکی دیکە بڵاوی کردوونەتەوە. پیرۆزبایی لە نووسەرو ڕۆژنامەنووس سەلام عەبدوڵڵا دەکەین. بە هیوای بەرهەمی زیاتر




# چوار کتێبی نووسەرو وەرگێڕ ساسان عەونی

لەم ماوەیەدا بەڕێز ساسان عەونی نووسەر و وەرگێڕ، چوار کتێبی خۆی خستە بەر دیدی خوێنەرانەوە، سێ لەو کتێبانە لە دانانی خۆیەتی و یەکێکیشیان لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی.

- کتێبی یەکەم: (**ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات –ململانێ وهەژموون**) لەم کتێبەدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕاستییەك هەیە و بە هیچ کلۆجێك ناتواندرێت نکوڵی لێ بکرێت، هەر وڵاتێك زیاتر لە پێکهاتەیەکی تێدا بێت، جا ئەو پێکهاتەیە نەتەوەیی بێت یان ئایینی، ئەگەر مافی چارەنووس و مافەکانی هاووڵاتی بوونی وەك یەك و چەسپاو، بە پێی دەستوور و یاسا تێدا ڕێك نەخرێت و پیادە نەکرێت، ئەوا ئەو وڵاتانە هەرگیز سەقامگیری بە خۆیانەوە نابینن و بەردەوام ڕووبەڕووی سەرهەڵدانی کێشەو گرفت دەبنەوە. کتێبەکە چەندین بابەتی دیکە لەخۆدەگرێت.




- کتێبی دووەم: (**ڕوانین – وتارو چاوپێکەوتن**)، نووسەر لە پێشەکیدا دەنووسێت: ناوەڕۆکی ئەم کتێبە هەڵبژاردەیەکە لە کۆمەڵێك وتارو چاوپێکەوتن کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، لە بۆنەو کۆنفرانس و کۆنگرەکان پێشکەشکراون، هەروەها لەگەڵ چەند ڕۆژنامەنووسێك ئەنجام دراون. بەهۆی کارکردنی نووسەر لە دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشی زۆری بابەتەکان تایبەتن بە کاری ڕێکخراوەیی و دیدگاو بۆچوون سەبارەت بە پێشخستنی کاری ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و گونجانیان لەگەڵ سەردەمە تازەکان و پرسەکانی نوێبوونەوەی ڕێکخراوەیی.





- کتێبی سێیەم: (**چەند ڕەهەندێکی ڕێکخراوەیی – سەرنج و ڕوانین**) لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو لاوو تازە پێگەیشتووانەی





خواستیانە لە داهاتوودا لەنێو کاری سیاسیدا بەهرە پەیدا بکەن و قوڵ ببنەوە و بەردەوام بن، کاری ڕێکخراوەیی دەرفەتێکی زێڕینە بۆ خۆدزینەوە و فێربوون و شارەزابوون لە سەرەتاکانی کارو زانینی پێکهاتەو پرنسیپ و راهاتن لەگەڵ دسپلین وئاشنابوون لەگەڵ وردەکارییەکانی ناو ژیانی ڕێکخراوەیی. چەند بابەتێك لەو بابەتانەی ئەم کتێبە پێشتر لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان و لە پێگە ئەلیکترۆنی و پێگەکانی سۆشیال میدیا بڵاوکراونەتەوە، لە ئامادەکردنی کتێبەکەدا جارێکی دیکە هەندێ دەستکاری کراون و زانیاریی دیکەیان بۆ زیادکراوەو ئامادەکراونەتەوە.

- کتێبی چوارەم: (**ئامانجەکانی مۆسکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**) لە نووسینی دیمتری ترینین و نووسەر لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەم کتێبە لە پێشەکییەك و چوار بەش، لەژێر سەردێڕەکانی (مێژوو، جەنگ، دیبلۆماسییەت، بازرگانی) پێکدێت، لەگەڵ بەشێك بۆ کۆتایی کە دەرئەنجامەکانی بیرو ڕوانینی نووسەرە بۆ بابەتەکان. هەروەها نووسیویەتی: مەرج نییە لە وەرگێڕان لە خوێندنەوەی ئەو کتێبەدا، هاوڕای نووسەرو سیاسەتەکانی وڵاتەکەی بین، بەڵام گرنگە کە خوێنەری کوردستان و سیاسەتکاران و دەستەبژێرە ئەکادیمی و سیاسییەکەی بە زمانی کوردی سەرچاوەیان لەبەر دەست بێت و بزانن زلهێزەکان و هێزە ئیقلیمییەکان چۆن بیردەکەنەوەو لە جیهان و دەوروبەرو ناوچەکە دەڕوانن.

گرافیك و دیزایینی هەر چوار کتێبەکەی نووسەر لەلایەن دیزاینەری هاوپیشەمان (لوقمان ڕەشیدی) یەوە جێبەجێ کراوە. لە کۆتاییدا دەست خۆشی لە نووسەرو وەرگێڕ (ساسان عەونی) دەکەین کە بەم بەرهەمە بەپێزانەی کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کردو دیدی خوێنەرانی ڕۆشن کردەوە.






■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**سالّح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی سالّح**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان رەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانا خانی - دهۆك**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulan-media.com***

هێڤیدار ئەحمەد:



## پرۆژە یاسای چاکسازی خواستی خەڵکی کوردستان و بەدیهێنانی دادپەروەرییە



## چاکسازی و حوکمڕانیی باش

**بەرهەمی ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێزە**

زاکری لۆکمان:



## سیاسەتی ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مایەی کارەسات بووە

مایکل وەحید حەننا:



## لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشێوی باڵی بەسەر سیاسەتی ئەمریکادا کێشاوە

دکتۆر سەرهەنگ جەلال جامباز:



## کار و ئەرکەکانمان لە بەرپێگرتن بە نەخۆشیدا چڕ دەبێتەوە



## ئافرەتێکی کورد چیرۆکی سەرکەوتنەکانی ژیانی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە

## گرنگترین پرۆگرامی ڤیدیۆیی ٢٠٢٠




## باشی و خراپییەکانی خۆراکی قوتووبەند





## لە سەروبەندی پێنجەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقام لە کەرکوک



ڕەوەند جەعفەر

## هونەر لە راستەڕێدا



## تیپی تۆپی دەستی یانەی ئافرەتانی هەولێر چاویان لە ئەنجامی گەورەیە

# عادل عەبدولمەهدی
# گرفتی سیاسی یان تەنگژەی پیاوێک

حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بە حکومەتی (دوا هەل) دادەنرا، ئەو ناوە لەلایەن ئەو قەوارە و حزب و هێزانەی کە کاریگەرییان بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا هەیە، کە سەرەڕای نەبوونی مەرجی پێویست، کردیان بە سەرۆك وەزیران، بەتایبەتی پاش ئەوەی هەردوو هاوپەیمانی (چاکسازی) و (بونیاد) فەشەلیان هێنا لە سەلماندنی ئەوەی کە کێ بەپێی دەستوور قەوارە گەورەکەیە.

هاوپەیمانی (چاکسازی) کە قەوارەی (سائیرون) بەشێکە لێی و لەلایەن موقتەدا سەدرەوەو پشتگیری دەکرێ و براوەی یەکەمە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ و، هاوپەیمانی (بونیاد) کە قەوارەی (فەتح) بەشێکە لێی و هادی عامری سەرۆکایەتیی دەکات، هەر یەکە و خۆی بە قەوارە گەورەکە دادەنا، ئەویش بەهۆی راڤەیەکی نادیار و شاراوەی دادگای فیدراڵ.

هەر چەند (چاکسازی) چەند کەسایەتییەك و قەوارەی بەهێز لە خۆی دەگرێ وەك (حیکمە) بەسەرۆکایەتیی عەمار حەکیم و (نەسر) بەسەرۆکایەتیی حەیدەر عەبادی و (بونیاد) کە سەرەڕای عامری ئەویش خاوەن چەندین قەوارەی گرنگە، وەك (دەوڵەتی یاسا) بە سەرۆکایەتیی نوری مالیکی و (عەسائیب) بەسەرۆکایەتیی قەیس خەزعەلی و (هاوپەیمانی هێزە عێراقییەکان) بە سەرۆکایەتیی محەمەد حەلبوسی سەرۆکی ئێستای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵام هەر هەموویان نەیانتوانی راچێتەیەك پێشکەش بکەن بۆ چارەسەرکردنی سیستەمی سیاسی وڵات لەو گرفتەی کە تێی کەوتووە.

جا لەبەر ئەوە، هەر یەکە لە (سائیرون) لەناو هاوپەیمانیی (چاکسازی) و (فەتح) لەناو هاوپەیمانیی (بونیاد) کە دوو قەوارەی گەورە و بەهێزن، پێکهێنانی حکومەتیان خستە ئەستۆ و بەدوای کەسێك دەگەڕان تا بە تەوافوق بیکەن بەسەرۆك وەزیران.

لە ئەنجامدا رای هەردوولا کەوتە سەر سیاسەتکاری دێرین عادل عەبدولمەهدی، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پرۆسەی سیاسیی عێراق، پاش رووخانی رژێمی سەددام حوسێن لە ٢٠٠٣دا.

ئەو پیاوە بەر لەوەی ببێ بە سەرۆك وەزیران، چەندین پۆستی گرنگی وەرگرتبوو، وەزیری دارایی، وەزیری نەوت، جێگری سەرۆك کۆمار.

دوو جار دەستی لەکار کێشاوەتەوە، یەکەمیان کاتێ وەزیری نەوت و ئەویتریان کاتێ جێگری سەرۆك کۆمار بوو.

ئەو زنجیرە دەست لەکار کێشانەوەیە ئاماژەی ئەوەمان دەداتێ کە ئەو پیاوە هیچ کاتێ پابەندی دەسەڵات و پایە نەبووە و هەمیشە دەست لەکارکێشانەوەکەی لە گیرفان بووە.

قەوارە سیاسیەکان لەوە دەترسان نەوەکو سێبارە دەست لەکار بکێشێتەوە، بۆیە کاتێ ئەرکی پێکهێنانی حکومەتیان پێ سپارد، مەرجیان ئەوە بوو بە درێژایی چوار ساڵ دەست لەو کارەی نەکێشێتەوە.

حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی هەر لە سەرەتاوە بەشەلەیی لە دایك بوو، یەکەم جار لە کۆی ٢٢ وەزیر، لە ١٤ وەزیر پێکهات، پاش ئەویش بە قیست دەنگ بە وەزیرەکانی دیکە دران، ئەمە بێجگە لە وەزارەتی پەروەردە کە بۆ ماوەی یەك ساڵ بەبێ وەزیر مایەوە.

ئەو حزب و قەوارانەی کە عادل عەبدولمەهدییان هێنا و کردیان بە سەرۆك وەزیران، بە دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە و فراوانبوونی نارەزایەتییەکان، هەر زوو پشتیان لێکرد و هەڵەی ١٦ ساڵی رابردوویان خستە ئەستۆی.

ئیتر لە وەریدەوە بۆ وەرید عادل عەبدولمەهدیان بڕی و لە پیاوی (دوا هەل) کردیان بە (کەبشی فیدا) بۆ مانەوەی خۆیان، کە ئەمڕۆ خۆشبەختانە ئەوانەش رووبەڕووی شەقامێکی تووڕە بوونەتەوە، ئەو شەقامەی کە دەڵێ چیتر بە چارەسەرەی نیوە چڵ رازی نابێ و دەست لەکار کێشانەوەی عادل عەبدولمەهدیش سەرەتایەکە بۆ کۆتایی هێنان بە رۆڵی ئەو حزب و قەوارانەی کە



فەیسەڵ دەباغ

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بە ناوی مەزهەبەوە هەم نیشتمانیان فرۆشت و هەمیش پارەی ئەو وڵاتەیان فەرهوود کرد.

بێ شك چینی سیاسیی عێراق بە درێژایی ١٦ ساڵی رابردوو رووبەڕووی چەندین شۆك بوون، بەڵام تا رادەیەك توانیان بەشێوەیەك لە شێوەكان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تەوزیفیان بكەن، هەر لە شۆكی تەقاندنەوەی هەردوو مەرقەدەكەی سامەرا لە ساڵی ٢٠٠٦ كە بووە هۆی بەرپابوونی شەڕێكی سنووورداری ئەهلی لە نێوانی ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٨ و، شۆكی خۆپیشاندانەكان لە ساڵی ٢٠٠١١ تا ٢٠١٨ و، دواینیان شۆكی داگیركردنی سێ یەكی خاكی عێراق بوو لەلایەن داعشەوە (٢٠١٤).

لەماوەی شەڕی ئەهلیدا، سوپای ئەمریكا بوونی لە عێراقدا هەبوو، توانی هەموو شتەكان بەشێوەیەك لە شێوەكان زەبت بكات، ئەویش لەڕێی كۆمەڵێ میكانیزم، وەك پێكهێنانی هێزەكانی (سەحەوات) لە پارێزگاكانی رۆژئاوای عێراق، بەتایبەتی لە ئەنبار كە توانیان رێكخراوی قاعیدە لەناوچەكانیان دەربكەن و ناودارترین سەركردەكانی بكوژن، وەك ئەبو مەسعەب زەرقاوی لە ٢٠٠٦ و ئەبو عومەر بەغدادی و ئەبو حەمزە موهاجیر لە ٢٠١٠.

بە تەئكیدەوە دەڵێم شۆكی رۆژی یەكەمی مانگی تشرینی یەكەمی رابردوو هەموو شۆكەكانی دیكەی تێپەڕاند، رۆژێكی ئاسایی نەبوو لە رێڕەوی چینی سیاسیی عێراق بەسەرۆكایەتی و حزب و قەوارە و زەعامەتەكانی كە دەیزانی چۆن رووبەڕووی شۆكەكان ببێتەوە، جا بە موسەكیناتی ناوخۆ بێ یان بە دەستێوەردانی دەرەكی، بەتایبەتی ئەمریكی و ئێرانی، رێك لە كاتی پێكهێنانی حكومەتەكاندا.

هەردوو باڵیۆزی ئەمریكا و ئێران چالاكنر و ناكۆكتر دەبوونەوە بەمەبەستی تەواوكردنی چێشتەكە كە زۆر جار لەگەڵ تەوافوقەوە دەكرا، هەتا لەگەڵ بوونی جیاوازی لە قەوارەی كوتلە پەرلەمانییەكانی پشتگیر بۆ سەرۆك وەزیرانی كاندیدكراو، یان ئەوەی بڕوای پێدراوە یانیش دژ.

دەكرێ بڵێین كارەكە سەبارەت بە عادل عەبدولمەهدی جیاواز بوو، چونكە كاتێ هەردوو هاوپەیمان (چاكسازی) و (بونیاد) نەیانتوانی قەوارە گەورەكە یەكلا بكەنەوە، ئیتر بە تەوافوقی هەردوولا عادل عەبدولمەهدیان هەڵبژارد، بەڵام لەسەر تەوافوقێكی بێ بنەما.

عادل عەبدولمەهدی لەسەر داوای مەرجەعیەت دەستی لەكار كێشایەوە و ئەمەش یەكەمین جارە راستەوخۆ دەست لەكاروباری وڵات وەر بدات.

جیاوازیی نێوان مەرجەعیەتی نەجەف و مەرجەعیەتی قوم لەوەدایە ئەركی یەكەمیان هەمیشە ئامۆژگاری و رێ نیشاندەر بووە، بە پێچەوانەی دووەم كە كار بە (ویلایەتی فەقیە) دەكات.

بەڵام مەرجەعیەتی نەجەف بەو كارەی ئەم جیاوازییەی نەهێشت و وەك ئەوەی دووەم رەفتاری كرد، كاتێ داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران كرد چاو بە بڕیاری پێكهێنانی حكومەتدا بخشێنێتەوە، واتە لابردنی عادل عەبدولمەهدی.

ئێستا پاش دەست لەكار كێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی پرسیاری ئێمە ئەوەیە: كێ توانای راگرتنی كاروباری وڵاتی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان خۆپیشاندەران داوای گۆڕانكارییەكی تەواو دەكەن لە هاوكێشە سیاسییەكەی وڵاتدا؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زۆر ئەستەمە، بەتایبەتی لەگەڵ ناوهێنانی هەندێ كەس وەك جێگرەوەی عەبدولمەهدی. دەربارەی ئەو پرسە هەست بە بۆشاییەكی فراوان دەكرێ نێوان چینی سیاسی و خۆپیشاندەراندا كە ئەمانەی دوایی دەیانەوێ ئەو گۆڕانگارییە ئەو چینەش بگرێتەوە.

بەهەر حاڵ عەبدولمەهدی بە فەرمانی مەرجەعیەت و بەپێی خۆی چووە مەیدانی سەربڕین، لە كاتێكدا قەوارە سیاسییەكان كە كێ كاندیدی داهاتووی دەبێ لە دۆخێكی وا ئەستەم و ئاڵۆز.

مەسەلەیەكی عێراقی هەیە دەڵێ (درزەكە گەورەیە و پینەكەش گچكەیە).





# چاکسازی و حوکمڕانیی باش

## بەرهەمی ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێزە

**ئامانجی مسعود بارزانی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا ئەوە نەبوو کە بە هەر شێوەیەک بێت پەرلەمان و حکومەتمان هەبێت، بەڵکو ئامانجی ئەوە بوو کە گەلی کوردستانیش هاوشێوەی هەموو نەتەوە ئازادەکانی جیهان ئیرادەی بەهێزی خۆی لە پرۆسەی حوکمڕانی و بونیادنانی نەتەوەدا پیشانی هەموو جیهان بدات**

**سەرۆک بارزانی وەک بەشێکی زۆری سەرۆک و سەرکردە کاریزماکانی دیکەی نەتەوەکان نەیتوانی لە ڕێگەی پەرلەمان و حکومەتەوە ئەو ئیرادە سیاسییە بەهێزە دروست بکات کە نەتەوەکەی پێویستی پێیەتی، بۆیە بە ناچاری و بۆ ماوەیەکی کورت ڕازی بوو کە بە شێوازی (٥٠-٥٠) پەرلەمان و حکومەت دابمەزرێت**

**لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، تێڕوانینی سەرۆک بارزانی گەیشتە ئەو ئاستەی کە بڵێت: بێجگە لە چیاکان کەس دۆستی کوردستان نییە و بێجگە لە هێزی پێشمەرگە هیچ کەس ناتوانێت کوردستان بپارێزێت**

جیاوازیی نێوان حوکمڕانیی باش و حوکمڕانیی شکستخواردوو، جیاوازیی نێوان بوون و نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێزە لەناو پرۆسەی حوکمڕانیی دەوڵەتدا، دروستبوونی ئەم ئیرادە سیاسییە بەهێزەش پێویستی بە کاریزمایەکی نیشتمانی و هێزێکی سیاسیی بەهێزە کە زۆرینەی هاووڵاتیان متمانەی پێ ببەخشن و جڵەوی حوکمڕانیی وڵاتی بدەنە دەست، هەر بۆیە دروستبوونی ئیرادەی سیاسیی بەهێز لە دەستپێکدا متمانە لە نێوان خۆی و هاووڵاتیان دروست دەکات، پاشان کە چووە دەسەڵات و دەسەڵاتی گرتەدەست، متمانەی هاووڵاتیان لە سەر ئاستێکی گەورە و فراوان و بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە دەکاتە تۆڕێکی پشتیوانیی گەورە بۆ کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە وڵاتدا.

ئیرادەی سیاسیی بەهێز هەڵقوڵاوی ئیرادەی خێرە، بێگومان ئیرادەی خێریش (چ بە مانا ئایینییەکەی، یان بە مانا فەلسەفییەکەی) ئەو کاتە دێتەئاراوە کە سەرکردەی کاریزما، ویژدان و ئاکار دەکاتە بنەما بۆ بەدیهێنانی ئەو ئیرادە سیاسییە بەهێزەی کە ئایندەی نەتەوەکەی پێویستی پێیەتی، هەموو ئەمانەش لە شێوازی بیرکردنەوەی ئەو سەرکردە کاریزمایە

بەرهەم دێن کە سەرەتا جیا لەوەی متمانەیەکی گەورەی بە خۆی و نەتەوەکەی هەیە، لەسەر ئەم بنەمایە توانای بڕیاردانی بوێرانەی هەیە، لە هەمان کاتدا پرۆسەی «خۆڕاستکردنەوە – self-correction» لە خودی خۆی و ئەو هێزە سیاسییەوە دەست پێ دەکات کە خۆی ڕێبەرایەتی دەکات و ئامانجیەتی ئەم هیزە ڕێبەرایەتی حوکمڕانییەکی باش و ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات.

بە درێژایی مێژووی حوکمڕانی و لە ناو ئەزموونی هەموو نەتەوە جیاوازەکاندا، ئەوەی وەك خاڵی هاوبەش کۆی ئەزموونە سەرکەوتووەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەوەیە کە هەموو کات لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیرادەی سیاسیی بەهێزدا، ململانێ و دژایەتییەکی زۆر بۆ سەرکەوتنی ئەو ئیرادە سیاسییە دروست دەبێت، بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی کە سیستمی سیاسییان بەو شێوەیە کە دەبێت بڕیارە سیاسییەکان لەناو پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت و لەناو پەرلەمانیشدا جۆرێك لە ناسەقامگیریی سیاسی، یان تێڕوانینی بەرژەوەندخوازیی حزبەکان باڵادەست بێت، ئەمە وای کردووە بە درێژایی مێژووی سیاسیی سیستمی پەرلەمانی، ئیرادەی سیاسسی بەهێز لە ناو پەرلەمانەکانەوە دروست نەبن، بەڵام پێداویستیی نەتەوە بۆ بوونی ئەو ئیرادە سیاسییە بەهێزە، لە مێژووی زۆربەی نەتەوە سەرکەوتووەکانی جیهاندا لە دەرەوەی پەرلەمانەکان دروست بووە و پاشان ئەو ئیرادە سیاسییە بەهێزە فەرزی کردووە کە دەبێت کۆی دامەزراوەکانی پرۆسەی حوکمڕانی پێکەوە هەماهەنگ و هاوکار بن بۆ ئەوەی پرۆسەی حوکمڕانی ڕاست بکرێتەوە.

مەهاتما گاندی ڕێبەری هیندستانی کۆن (هیندستان و بەنگلادیش و پاکستانی ئێستا)، توانی ئیرادەیەکی ئەوتۆی سیاسی بەرهەم بهێنێت کە بە بێ شەڕ و توندوتیژی، ئیمپریالیزمی بەریتانیای مەزن ناچار بکات، ددان بە سەربەخۆیی هیندستانی کۆندا بنێت و وڵاتەکە بەجێ بهێڵێت، بەڵام ئەو مەزنە نەیتوانی بە هەمان میتۆد لەناو پەرلەمانی هێندستانی کۆندا، ئەو ئیرادە سیاسییە بەرهەم بهێنێتەوە کە وڵاتەکەی لە دابەشبوون بپارێزێت، گاندی زۆر هەوڵیدا لە دەرەوەی پەرلەمان و بە پیادەکردنی سیاسەتی مانگرتن لە خواردن کە بە (ڕۆژووگرتنی گاندی) ناسراوە، ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسیی ئەوتۆ دروست بکات، کە نوێنەرانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، بەڵام ئەمەی بۆ نەکرا و سەرەنجام تیرۆر کرا. هەروەها ژەنەڕاڵ شارل دیگۆل-یش توانی لە ساڵی ١٩٤٦ فەرەنسا لە دەستی نازییەکان ڕزگار بکات، بەڵام نەیتوانی لەناو پەرلەمانی فەرەنسادا ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز دروست بکات و فەرەنسایەکی بەهێز بونیاد بنێتەوە، بۆیە ١٢ ساڵ لە دەرەوەی پەرلەمان هەوڵیدا بۆ ئەوەی ئەو ئیرادە سیاسییە بەهێزە لە دەرەوەی پەرلەمان دروست بکات، سەرەنجامیش لە ساڵی ١٩٥٨ دەستووری فەرەنسای هەموار کردەوە و لە ریفراندۆمێکی میللیدا دەستوورەکە پەسەندکرا و، کۆماری پێنجەمی ڕاگەیاند و بەردی بناخەی ئەو فەرەنسا بەهێزەی دانا، کە هەر لە یەکەم خولی سەرۆکایەتیی دیگۆلدا

دوای ساڵی ١٩٥٨ بەردی بناخەی یەکێتی ئەورووپای ئەمڕۆشی دانا.

ئەم میتۆدە پێمان دەڵێت، حوکمڕانی و دەوڵەتداری بریتی نییە لە شێوازی چۆنیەتی بونیادنانی دامەزراوەکان، بەڵکو بریتییە لەو ئیرادە سیاسییە بەهێزەی ئەو دامەزراوانە بە شێوەیەکی چالاك و شەفاف بۆ بەرژەوەندیی هاووڵاتیانی هەڵدەسووڕێنێت. لەسەر ئەم پرسە فرانسیس فۆکۆیاما لە هەردوو کتێبی (بنەچەی دامەزراوەکان و لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، دامەزراوەکان ناتوانن هیچ کارێك بکەن، ئەگەر ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسی لە پشتەوە نەبێت. فۆکۆیاما ئەم ئیرادە سیاسییە بەهێزە لەناو پرۆسەکانی (پەرەپێدانی بەردەوام و بونیادنانی نەتەوە)دا، بە (کۆدی جینی نەتەوە) پێناسە دەکات، ئەم پرسەش بە پرۆسەی (پەرەپێدانی بایۆلۆژی Biological Development) گرێ دەداتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چەمکی (پەرەپێدان) پێش ئەوەی چەمکێکی سیاسی بێت، چەمکێکی بایۆلۆژییە و چۆن پرۆسەی پەرەپێدانی بایۆلۆژی (کۆدی جینی گیاندار) شێوە و روخساری پەرەپێدانەکە دەگۆڕێت، بە هەمان شێوە لە پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانی نەتەوەشدا، ئەو (کۆدی جینییەی نەتەوە) روخساری پەرەپێدانەکە دیاری دەکات کە نەتەوە لەناو کۆی پرۆسە سیاسییەکەیدا پیادەی دەکات، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە پرۆسەی حوکمڕانی و بونیادنانی نەتەوە، ئەوجا هەر نەتەوەیەك بێت، پرۆسەیەکی لۆکاڵ و بەرهەمی ئیرادەی راستەقینەی ئەو نەتەوەیەیە کە سەرکردە کاریزماکەی نەخشەڕێگەی بۆ دادەڕێژێت.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بۆ پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان بکەین، (هەر لە ساڵی ١٩٩٢ هەتا ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧)، بێگومان ئەوە راستە کە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی ئەوکاتەی بەرەی کوردستانی لە ناوەوەی وڵات، لەو هەنگاوەی سەرکەوتوو بوو کە توانی سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە لە کوردستان هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و ئەو بۆشاییە سیاسی و ئیدارییە پڕبکرێتەوە کە دوای کشانەوەی حکومەتی عێراق لە کوردستاندا دروست ببوو، سەرەنجامیش ئەم پەرلەمان و حکومەتەی لێ بەرهەم هات کە وێڕای هەموو کەموکوڕییەکانی بە دەستکەوتێکی زۆر گەورە لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان دادەنرێت.

ئامانجی مسعود بارزانی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا ئەوە نەبوو کە بە هەر شێوەیەك بێت پەرلەمان و حکومەتمان هەبێت، بەڵکو ئامانجی ئەوە بوو کە گەلی کوردستانیش هاوشێوەی هەموو نەتەوە ئازادەکانی جیهان ئیرادەی بەهێزی خۆی لە پرۆسەی حوکمڕانی و بونیادنانی نەتەوەدا پیشانی هەموو جیهان بدات، بەڵام سەرۆك بارزانی وەك بەشێکی زۆری سەرۆك و سەرکردە کاریزماکانی دیکەی نەتەوەکان نەیتوانی لە رێگەی پەرلەمان و حکومەتەوە ئەو ئیرادە سیاسییە بەهێزە دروست بکات کە نەتەوەکەی پێویستی پێیەتی، بۆیە بە ناچاری و بۆ ماوەیەکی کورت رازی بوو کە بە شێوازی (٥٠-٥٠) پەرلەمان و حکومەت دابمەزرێت. بەڵام لە دەرەوەی پەرلەمان و حکومەت و بە هاوشێوەی سەرکردە کاریزماکانی دیکەی جیهان، توانی لە ماوەی کەمتر لە دووساڵدا ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسیی ئەوتۆ دروست بکات کە بە رێگەی هەڵبژاردن و پرۆسەی ئاشتییانەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات کۆتایی بە سیستمی (٥٠-٥٠) بهێنێت، بەڵام بەداخەوە لەبری دانانی سندوقەکانی هەڵبژاردن و نوێکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی، شەڕی شوومی ناوخۆ هەڵگیرسا، ئەم شەڕە شوومەش جیا لە دەرهاویشتە خراپەکانی لە سەر کۆمەڵگەی کوردستان، بۆ ماوەی نزیکەی ٢١ ساڵ نەیهێشت هەڵبژاردنێکی ئەوتۆ لە کوردستاندا بکرێت کە لە رووی سیاسی و زانستییەوە مانای هەڵبژاردنی ئازاد بگەیەنێت، راستە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ دوو هەڵبژاردنی دیکەی پەرلەمانی لە کوردستان ئەنجام دران، بەڵام هەر دوو هەڵبژاردنەکە لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی بە یەك لیست دادەبەزین، ئاکامی

**ئەوەی زەمینەی بۆ کوردستانێکی بەهێز و پرۆسەیەکی حوکمڕانیی بەهێزی هێناوەتە ئاراوە، ئەو ئیرادە سیاسییە بووە کە سەرۆک بارزانی بۆ نەتەوەکەی دروستی کردووە و هەر ئەو ئیرادە سیاسییەشە کە ئەمڕۆ هەنگاو بۆ حوکمڕانیی باش و پڕۆژەیەکی چاکسازیی گەورە هەڵدەگرێت**

**لە پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا، ماوەی زیاتر لە ١٥ساڵە سەری زمان و بنی زمانی حزبە سیاسییەکان ئەنجامدانی چاکسازی و رووبەڕووبونەوەی گەندەڵییە، بەڵام هەتا هەفتەی رابردووش کە ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژە یاسای چاکسازی رەوانەی پەرلەمان کرد، کێشمەکێشێکی زۆر بۆ دواخستن و پەکخستنی ئەو پڕۆژە یاسایە هەبوو**

**ئەگەر ئیرادەی سیاسیی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەبوایە، ئەمجارەش ئەو پڕۆژە یاسایە پەک دەخرا، هەروەک چۆن لە خولی پێشووی پەرلەماندا، ملاملانێی حزبە سیاسییەکان بووە هۆکاری ئەوەی یاساکە لە پەرلەمان پەسەند نەکرێت**




**سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەو رۆژەوەی کە سوێندی یاسایی لە پەرلەمان خواردووە و بەرنامەی حکومەتەکەی راگەیاندووە، بە ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێزەوە کاروبارەکانی حکومەت هەڵدەسووڕێنێت و، ئەم ئیرادە سیاسییە بەهێزەش هەمان ئەو ئیرادە سیاسییەیە کە سەرۆک بارزانی دەیەوێت کوردستانێکی بەهێز و حوکمڕانیەکی بەهێزی پێ بێنێتە ئاراوە**

هەڵبژاردنەکە ئاشکرا بوو، هەر هەڵبژاردنێکیش پێش ئەنجامدانی ئاکامەکەی ئاشکرا بێت، لە زانستی سیاسەتدا بە هەڵبژاردنی ئازاد پێناسە ناکرێت.

لە دوای هەڵبژاردنەکانی تەموزی **٢٠١٣** ش، کە یەکەم هەڵبژاردن بوو دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی **١٩٩٢**، پارتی و یەکێتی بە لیستی جیا بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد، سەرۆك بارزانی جارێکی دیکە هەوڵیدا کە بە رێگەی پەرلەمانی و لە میانەی پێکهێنانی حکومەتێکی بنکەفراوان لەنێوان ئەو پێنج هێزەی (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ) کە زۆربەی زۆری کورسییەکانی پەرلەمانیان هەبوو، حکومەتێکی هاوپەیمانیی بنکەفروان بە ئامانجی (چوار ساڵی ئارامی لە حوکمڕانیدا) پێکبهێنێت، دیارە تەمەنی (چوار ساڵی ئارامی) تەنیا نزیکەی **٢٠** مانگی خایاند، لە ماوەی ئەو **٢٠** مانگەدا وێڕای ئەوەی کوردستان رووبەڕووی شەڕێکی گەورەی جیهانی لە دژی تیرۆریستان بووەوە و حکومەتی عێراق پشکی کوردستانی لە بودجەی عێراق بڕیبوو، هاوکات نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە روویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تا رادەیەکی باش ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسی دروست ببوو، جیا لەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەورەترین سەرکەوتنی بە سەر تیرۆریستانی داعشدا بەدەست هێنابوو، لە هەمانکاتدا زەمینەیەك هاتبووە ئاراوە کە سەرۆکی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شاندێکی حکومەت لە ئایاری **٢٠١٥** پرسی سەربەخۆیی کوردستان لەناو کۆشکی سپی و لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکادا باس بکات، بەڵام دروستبوونی ناسەقامگیریی سیاسی لە کوردستان گەیشتە ئەو ئاستەی کە



کوردستان بسووتێت و نەمێنێت، بۆیە بڕیاردرا سنوورێك بۆ ئەو پاشاگەردانییە دابنێت و بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمان و حکومەت دووربخرێتەوە و، بەردەوامی بە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دا و هەوڵی دا بە ڕێگەی پرۆسەی ریفراندۆم ئەو ئیرادە سیاسییە دروست بکاتەوە کە لە دوای ساڵی ١٩٩١ـەوە هەوڵی بۆ دابوو و قەناعەتی تەواویشی هەبوو کە تەنیا ئەو ئیرادە سیاسییە داهاتووی نەتەوەکەی دیاری دەکات، بەڵام ئەمجارەش لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ نەیانهێشت ئەو ئیرادە سیاسییە بەهێزە دروست بێت کە نەتەوەکەمان پێویستی پێیەتی.

لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، تێڕوانینی سەرۆك بارزانی گەیشتە ئەو ئاستەی کە بڵێت: بێجگە لە چیاکان کەس دۆستی کوردستان نییە و بێجگە لە هێزی پێشمەرگە هیچ کەس ناتوانێت کوردستان بپارێزێت، بۆیە جارێکی دیکە بە متمانەبوونێکی بەهێز بە خۆی و بە نەتەوەکەی و بەو هێزەی پشتی پێ بەستبوو، وەك پێشمەرگەکەی ساڵی ١٩٦٢ هاتەوە ناو بەرەکانی شەڕ و توانی لەسەر لێواری هەڵدێر و نەمانی هەرێمی کوردستاندا، جارێکی دیکە ئەو ئیرادە سیاسییە بەهێزە دروست بکاتەوە کە هەم هەرێمی کوردستانی پاراست و هەمیش لە هەر دوو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی (عێراق و کوردستان)دا متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستانی بەدەست هێنا.

کەواتە ئەوەی زەمینەی بۆ کوردستانێکی بەهێز و پرۆسەیەکی حوکمڕانیی بەهێزی هێناوەتە ئاراوە، ئەو ئیرادە سیاسییە بووە کە سەرۆك بارزانی بۆ نەتەوەکەی دروستی کردووە و هەر ئەو ئیرادە سیاسییەشە کە ئەمڕۆ هەنگاو بۆ حوکمڕانیی باش و پرۆژەیەکی

**خاڵی گەشبین و جێگەی ئومێد لە چاودێریکردنی ئەدای حکومەت لە کابینەی نۆیەمدا، ئەوەیە کە نەخشە ڕێگای پرۆسەی چاکسازی و ڕێگریکردنی لە گەندەڵی لە لوتکەوە دەستی پێ کردووە، ڕاشکاوانەتر لەو خەڵکانەوە دەستی پێ کردووە کە پێشتر پێیان وابوو لە سەرووی یاسای و حکومەتەوەن**

چاکسازیی گەورە هەڵدەگرێت.

## ● ئیرادەی سیاسیی بەهێز لە پرۆسەی چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵیدا

لەوانەیە هێنانەوەی یۆنان وەك نموونە لە تەنگژەی یۆرۆدا کە هەموو دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپای گرتەوە، نموونەیەکی تازە و باش بێت بۆ ئەوەی بڵێین کە دایکی هەموو تەنگژە سیاسی و ئابووری و داراییەکانی هەر حکومەتێك نەبوونی سەقامگیری سیاسی و غیابی ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێزە.

ئاشکرایە تەنگژەی (یۆرۆ) تەنگژەیەکی ئابووری و دارایی نەبوو کە بە تەنیا رووبەڕووی یۆنان بووبێتەوە، بەڵکو ئەم تەنگژەیە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە ئەمریکا دەستی پێ کرد و خۆپیشاندەران بۆرسەی وۆڵ ستریت-یان سووتاند و پاشانیش ئەم تەنگژە داراییە یەکێتی ئەورووپاشی گرتەوە، بەڵام لەناو ئەو هەموو دەوڵەتانەدا تەنیا یۆنان ئیفلاسبوونی خۆی راگەیاند، هەروەها راشیگەیاند ئەگەر یەکێتی ئەورووپا بە هانایەوە نەچن، ئەوا ناچار دەبێت لە یەکێتی ئەورووپاش بکشێتەوە.

ئەگەر لێرەوە ئەو پرسیارە بورووژێنین و بپرسین: ئایا بۆچی تەنیا دەوڵەتی یۆنان تووشی ئەم کارەساتە گەورەیە بوو، بەڵام دەوڵەتانی دیکەی یەکێتی ئەورووپا بەو ئاستە تووشی تەنگژە و کارەساتی گەورە نەبوون؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە کە لە ناو پرۆسەی سیاسیی یۆناندا هەر دوو هاوپەیمانی (چەپ و راست) کە دوو هاوپەیمانی حزبی گەورەن و دەسەڵات لەگەڵ یەکدا ئاڵوێر دەکەن، ناسەقامگیرییەکی سیاسی و حکوومیی ئەوتۆیان لە دەوڵەتی یۆناندا دروست کردووە کە بچووکترین کێشە دەبێتە کارەساتێکی گەورە بۆ دەوڵەتەکە.

هێنانەوەی دەوڵەتی یۆنان وەك نموونە لەبەر ئەوە بوو کە یۆنان لە دوای ساڵی ١٩٧٥ و هاوکات لەگەڵ ئیسپانیا و پورتوگال وەك نموونەیەکی سەرکەوتووی شەپۆلی سێهەمی دیموکراتی پێناسە دەکرێن، دەوڵەتێکە کە ئەو مەرجانەی تێدا بووە کە ببێت بە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، ئەمەش مانای ئەوەیە دەوڵەتەکە خاوەنی هەیکەلێکی دامەزراوەیی گەورە و پێشکەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پشت ئەم هەیکەلە دامەزراوەییەوە ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز نییە، ئەوا دەوڵەت تووشی گرفتی گەورە بووە، بۆیە وەك پێویست چاکسازییان پێ ناکرێت.

ئەمە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، جامبوون، یان چەقبەستنی پرۆسەی سیاسی پەیوەندی بە دەوڵەتی پێشکەتوو و دواکەوتووەوە نییە، یان پەیوەندی بەوەوە نییە ئەو دەوڵەتە هەیکەلەیەکی دامەزراوەیی پێشکەوتوو، یان دواکەوتووی هەیە، بەڵکو پەیوەندی بەو ئیرادە سیاسییەوە هەیە کە ئەو دامەزراوانە هەڵدەسووڕێنێت، هەر کاتێکیش ئەوە دروست بوو، ئەوا ئیرادەی هاوشێوەی پاول کاگامی دەردەکەوێت کە دەوڵەتی رواندای لە ناو جەرگەی ئەفریقیادا لە دەوڵەتی (قەبرستان)ـەوە گۆڕی بۆ خۆشترین دەوڵەتی (گەشتیاری) لە ئەفریقیادا.

لە پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا، ماوەی زیاتر لە ١٥ساڵە سەری زمان و بنی زمانی حزبە سیاسییەکان ئەنجامدانی چاکسازی و رووبەڕووبونەوەی گەندەڵییە، بەڵام هەتا هەفتەی رابردووش کە ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژە یاسای چاکسازی رەوانەی پەرلەمان کرد، کێشمەکێشێکی زۆر بۆ دواخستن و پەکخستنی ئەو پڕۆژە یاسایە هەبوو، ئەگەر ئیرادەی سیاسیی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەبوایە، ئەمجارەش ئەو پڕۆژە یاسایە پەك دەخرا، هەروەك چۆن لە خولی پێشووی پەرلەماندا، ململانێی حزبە سیاسییەکان بووە هۆکاری ئەوەی یاساکە لە پەرلەمان پەسەند نەکرێت.

سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەو رۆژەوەی کە سوێندی یاسایی لە پەرلەمان خواردووە و بەرنامەی حکومەتەکەی راگەیاندووە، بە ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێزەوە کاروبارەکانی حکومەت هەڵدەسووڕێنێت و، ئەم ئیرادە سیاسییە بەهێزەش هەمان ئەو ئیرادە سیاسییەیە کە سەرۆك بارزانی دەیەوێت کوردستانێکی بەهێز و حوکمڕانیەکی بەهێزی پێ بێنێتە ئاراوە.

خاڵی گەشبین و جێگەی ئومێد لە چاودێریکردنی ئەدای حکومەت لە کابینەی

**ئەم یاسای چاکسازییە جیا لەوەی کێشەی فەرمانبەرانی کەم مووچە و مووچەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرز دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا بە کەمکردنەوەی مووچەی پلە تایبەتەکان، جۆرێک لە دادپەروەری لە نێوان داهاتی تاکەسی هاووڵاتیاندا دروست دەکات**

**ئەم دادپەروەرییە کە لە مووچەدا دێتە ئاراوە، هەستی هاووڵاتیبوون لای هەر تاکێکی کوردستان قووڵتر دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا ئەو بۆشایەشی لە نێوان هاووڵاتی و حکومەتدا هەبووە، پڕی دەکاتەوە**

**لایەنێکی دیکەی ئەرێنی لە پڕۆژە یاسای چاکسازی ئەوەیە کە رێگە لە بەهەدەردانی دارایی گشتی دەگرێت و لانیکەم مانگانە نزیکەی ٨٠-١٠٠ ملیار دینار بۆ خەزینەی حکومەت دەگەڕێتەوە**

نۆیەمدا، ئەوەیە کە نەخشە ڕێگای پرۆسەی چاکسازی و ڕێگریکردنی لە گەندەڵی لە لوتکەوە دەستی پێ کردووە، ڕاشکاوانەتر لەو خەڵکانەوە دەستی پێ کردووە کە پێشتر پێیان وابوو لە سەرووی یاسای و حکومەتەوەن، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی کاری ئەم کابینەیە ئەوانە هەموویان ڕووبەڕووی یاسا کراونەتەوە و ڕێوشوێنی یاسایی توند لە بەرامبەریان گیراوەتەبەر و توانراوە سنووریان بۆ دابنرێت.

سەبارەت بە پڕۆژە یاسای چاکسازیی مووچە و خانەنشینیش، گەشبینییەکی زۆر هەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت و ببێتە یاسا، ئەم یاسای چاکسازییە جیا لەوەی کێشەی فەرمانبەرانی کەم مووچە و مووچەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرز دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا بە کەمکردنەوەی مووچەی پلە تایبەتەکان، جۆرێك لە دادپەروەری لە نێوان داهاتی تاکەسی هاووڵاتیاندا دروست دەکات، ئەم دادپەروەرییە کە لە مووچەدا دێتە ئاراوە، هەستی هاووڵاتیبوون لای هەر تاکێکی کوردستان قووڵتر دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا ئەو بۆشایەشی لە نێوان هاووڵاتی و حکومەتدا هەبووە، پڕی دەکاتەوە.

لایەنێکی دیکەی ئەرێنی لە پڕۆژە یاسای چاکسازی ئەوەیە کە ڕێگە لە بەهەدەردانی دارایی گشتی دەگرێت و لانیکەم مانگانە نزیکەی ٨٠-١٠٠ ملیار دینار بۆ خەزینەی حکومەت دەگەڕێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی هەر لە دەستپێکی کارکردنی کابینەی نۆیەمەوە ڕێگرتن لە بەهەدەردانی دارایی گشتی گیراوەتەبەر و بەپێی ئەو زانیارییانەی لە لێدوانی وەزیرەکانەوە گوێبیستی دەبین، لە سەر ئاستی هەموو وەزارەتەکان پرۆسەی زیادکردنی داهات لە ئاستێکی زۆر باشدایە و هەوڵەکانیش بەردەوام دەبن و ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت لە چەند مانگی داهاتوو داهاتی حکومەت دوو بەرانبەر داهاتی ئێستای لێ بێت، ئەمەش دەروازەیەکی گەورە بۆ فراوانکردنی خزمەتگوزاریی گشتی دەکاتەوە و حکومەت دەتوانێت لە هەموو بوارەکاندا خزمەتگوزاریی باشتر پێشکەشی هاووڵاتیان بکات.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە لەم ئیرادە سیاسییە بەهێزەدا لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیی ئێستای کوردستاندا بەرجەستە بووە، ئەوەیە کە تەواوی دامەزراوەکانی پرۆسەی حوکمڕانی (سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری) هەر یەکەیان بەپێی تایبەتمەندیی خۆی بەشێکی قورسایی پرۆسەکەی خستۆتە سەرشانی خۆی و هاوکاری و هەمانگیی تەواویشیان پێکەوە هەیە.

**● حوکمڕانیی باش چۆن دێتە ئاراوە و بۆچی پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز هەیە؟**

حوکمڕانیی باش بیرکردنەوەیە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو فیکرەی کە دەتوانێت تەواوی تواناکانی نەتەوە پێکەوە کۆبکاتەوە و لە داهێنان لەناو توانای نەتەوە بێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی لە ئاستێکی بەرزدا خزمەتگوزاریی شایستە پێشکەشی نەتەوەکەی بکات.

دەوڵەتانی هەژار ئەو دەوڵەتانەن کە پرۆسەی بیرکردنەوە بۆ بەرهەمهێنانی حوکمڕانیی باش بوونی نییە، هەر بۆیە زۆربەی زۆری ئەو دەوڵەتانەی کە دەوڵەمەندن بە سامانی سرووشتی، یان سامانی کانزا، لە ڕیزی دواوەی دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان دەردەکەون، ئەو دەوڵەتانەشی کە کەمترین سامانی سرووشتی و کانزایان هەیە، لە ڕیزی پێشەوە دەردەکەون، ئەم دیاردە گشتگیرە کە بۆتە پێوانە بۆ ئاستی گەشەسەندوویی دەوڵەتانی جیهان ئەوەمان فێردەکات، دەوڵەتانی دەوڵەمەند، ئەو دەوڵەتانەن کە دەستەی حوکمڕان بیر دەکەنەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو فیکرەی حوکمڕانیی باشی پێ بەرهەم دێت، هەر نەتەوەیەکیش گەیشتبێتە ئەو ئاستەی بیربکاتەوە بۆ ئەوەی داهێنان لە ئیرادەی نەتەوەکەی خۆی دروست بکات، توانیویەتی نموونەیەکی بەرز و باشی حوکمڕانی پێشکەش بکات.

لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە: بیرکردنەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو فیکرەی کە حوکمڕانییی باشی لێ بەرهەم دێت دەکەوێتە سەرشانی کام هێز، یان کام لایەن؟ بێگومان مێژووی حوکمڕانی پێمان دەڵێت، دەبێت ئەو لایەنە، یان ئەو هێزە ئەم ئەرکە بخاتە سەر شانی خۆی کە گەلەکەی متمانەی پێ داوە، یان بە هەر

**تەواوی دامەزراوەکانی پرۆسەی حوکمڕانی (سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری) هەر یەکەیان بەپێی تایبەتمەندیی خۆی بەشێکی قورسایی پرۆسەکەی خستۆتە سەرشانی خۆی و هاوکاری و هەمانگیی تەواویشیان پێکەوە هەیە**

**حوکمڕانیی باش بیرکردنەوەیە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو فیکرەی کە دەتوانێت تەواوی تواناکانی نەتەوە پێکەوە کۆبکاتەوە و لە داهێنان لەناو توانای نەتەوە بێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی لە ئاستێکی بەرزدا خزمەتگوزاریی شایستە پێشکەشی نەتەوەکەی بکات**

**حوکمڕانیی باش بریتی نییە لەوەی کە چەند ڕاوێژکارێکی بانکی نێودەوڵەتی، یان چەند ڕاوێژکارێکی بیانی نەخشەڕێگەی بۆ دابڕێژن، بەڵکو حوکمڕانیی باش هەڵقوڵاوی تاک بە تاکی نەتەوەیە و تواناکان پێکەوە کۆدەکرێنەوە و داهێنان لە ئیرادەی نەتەوەی پێ دروست دەکرێت**

**ئەوەی گەشبینمان دەکات، ئەوەیە کە ئەم حکومەتە هەنگاو بەرەو حوکمڕانیی باش هەڵدەگرێت، ئەوەش ئەو ئیرادە سیاسییە بەهێزەیە کە لەناو پەیام و بڕیارەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی کوردستاندا دەیبینین و هەستی پێ دەکەین**

**ئێستا پەرلەمانی کوردستان یاسا دەردەکات بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت و خەڵک لە جێبەجێکردنی یاساکان لەلایەن حکومەتەوە سوودمەند بێت و خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگە دروست بێت**

شێوازێك بێت دەسەڵاتی گرتۆتەدەست و دەیەوێت متمانەی گەلەکەی بەدەست بهێنێت، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت، هێزێك، یان لایەنێکی سیاسی کە بە متمانەی گەل دەسەڵات وەردەگرێت، یان بە هەر شێوازێکی دیکە دەچێتە دەسەڵات (تەنانەت ئەگەر کودەتاش) بێت، ئەوا ئەگەر توانی بیربکاتەوە و لەناو ئیرادەی نەتەوەکەیدا داهێنان بکات، ئەوا بەرەو حوکمڕانیی باش هەنگاو هەڵدەگرێت، نموونەش لەمبارەوە ئەزموونی پارك چانگ-ـە لە کۆریای باشوور کە لە ساڵی ١٩٦١ بە کودەتای سەربازی هاتە دەسەڵات و لەساڵی ١٩٧١ واتە دوای ١٠ ساڵ، کۆریای باشووری گەیاندە ئاستی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهان.

دیارە ئاماژەکردنمان بەو لایەنە، بۆ ئەوەیە بڵێین: حوکمڕانیی باش بریتی نییە لەوەی کە چەند راوێژکارێکی بانکی نێودەوڵەتی، یان چەند راوێژکارێکی بیانی نەخشەڕێگەی بۆ دابڕێژن، بەڵکو حوکمڕانیی باش هەڵقوڵاوی تاك بە تاکی نەتەوەیە و تواناکان پێکەوە کۆدەکرێنەوە و داهێنان لە ئیرادەی نەتەوەی پێ دروست دەکرێت.

ئەو نەتەوانەی بە دوای کەتەڵۆکی حازر بۆ حوکمڕانی دەکەون، یان دەیانەوێت لاسایی ئەزموونی ئەم نەتەوە و ئەو نەتەوە بکەنەوە، ئەوا بێجگە لە پاشاگەردانی، شتێکی زیاتر پێشکەشی نەتەوەکانیان ناکەن، لەوانەیە دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامی (بێجگە لە مالیزیا) هەموویان لەو دەوڵەتانەن کە پشت بە راوێژکاری بیانی دەبەستن و دەیانەوێت بە ڕێگەی ئەو راوێژکارانە حوکمڕانی پیادە بکەن، بەڵام تاك هەر نەیانتوانیوە حوکمڕانییەکی باش پیادە بکەن، بەڵکو رووشیان نەهاتووە ئەزموونی حوکمڕانییەکەشیان لە کتێبێکدا تۆمار بکەن.

دیارە لەناو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، دەوڵەتی مالیزیامان وەك دەوڵەتێکی جیاواز جیا کردەوە، هۆکاری ئەم جیاکردنەوەیەش دەگێڕینەوە بۆ ئەوەی کە مالیزیا جیاواز لە هەموو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی بیردەکاتەوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو لە تەنگژە ئابوورییەکەی نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، مالیزیا بە هاوشێوەی ژاپۆن و تایوان و کۆریای باشوور و سەنگافورا لە تەنگژەکە هاتە دەرەوە و سەرکەوتوو بوو، وەك ئەندەنووسیای بەسەر نەهات، لەوانەیە جیاوازیی ئەندەنووسیا تەنیا جیاوازیی نێوان بیرکردنەوەی مەهاتیری محەمەدی سەرۆك وەزیرانی مالیزیا بێت لەگەڵ بیرکردنەوەی سۆهارتۆ سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی ئەندەنووسیا، دیارە سۆهارتۆ جیا لەوەی حوکمڕانی لە دەست دا، لە دوای ئەو تەنگژەیە لە هەمانکاتدا ئەندەنووسیا وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخی پێشەسازی کۆتایی هات.

مەهاتیر محەمەد لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (پزیشك لەناو نیشتماندا - A Doctor in the House) باس لەوە دەکات، چۆن وەك پزیشکێك تەواوی نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەی مالیزیای دەستنیشان کردووە و چارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە، کە ئەمەش لەناو سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی کارێکی دەگمەنە، لەوانەیە دوای مەهاتیر محەمەد، رەجەب تەیب ئەردۆگانیش لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٢ – ٢٠١٢ هەوڵی دابێت بە ڕێگەی پیادەکردنی تیورەکەی ئەحمەد داود ئۆغلۆ (سفرکردنەوەی کێشەکان) هەوڵێکی وەك مەهاتیر محەمەدی دابێت، بەڵام ئەردۆگان لەدوای ساڵی ٢٠١٢وە ئاراستەیەکی پێچەوانەی گرت و نەیتوانی وەك مەهاتیر محەمەد بۆ زیاتر لە ٥٠ ساڵ لەسەری بەردەوام بێت.

دیارە لەناو پرۆسەی حوکمڕانیدا، حکومەت تەنیا بەشێکە لەناو پرۆسەکەدا، بەڵام لە هەمانکاتدا دەشتوانین بڵێین بەشە هەرە گرنگەکەی ناو پرۆسەکەیە و تەواوی ئەو یاسای بڕیارانەی کە پرۆسەکە بەرهەمی دەهێنێت لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ دەکرێن، لێرەدا ئەگەر سەرنج بخەینە سەر ئەوە کە دەڵێت: «حکومەت تەواوی ئەو یاسا و بڕیارانە جێبەجێ دەکات کە کۆی پرۆسەی حوکمڕانی بەرهەمی دەهێنێت»، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا پرۆسەی حوکمڕانی کام یاسا و بڕیارانە بەرهەم دەهێنێت؟ بێگومان وەڵامی راشکاوانە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ئەو یاسا و بڕیارانەی کە ئەو ئیرادە سیاسییە بەرهەمی دەهێنێت کە لەناو



پرۆسەی حوکمڕانیدا بەرجەستەیە، بۆیە ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز لە پشت دروستکردنی ئەو بڕیار و یاسایانەی کۆی پرۆسەی حوکمڕانییەوە نەبێت، ئەوا حکومەت ناتوانێت لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەو یاسا و بڕیارانە حوکمڕانییەکی باش پیادە بکات.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرۆسەی حوکمڕانیی ئێستای هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی حکومەت لەناو پرۆسەی حوکمڕانیدا، ئەوا ئەوەی گەشبینمان دەکات، ئەوەیە کە ئەم حکومەتە هەنگاو بەرەو حوکمڕانیی باش هەڵدەگرێت، ئەوەش ئەو ئیرادە سیاسییە بەهێزەیە کە لەناو پەیام و بڕیارەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی کوردستاندا دەیبینین و هەستی پێ دەکەین، ئەم ئیرادە سیاسییە لە ئێستادا لەناو دامەزراوەکانی دیکەی پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا هەستی پێ دەکرێت، بەتایبەتی کە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆتە چەتری کۆکردنەوەی هێزە سیاسییەکان و یەکڕیزیی نیشتمانیی کوردستان، لە هەمانکاتدا پەرلەمانیش وەك پەرلەمانێکی سەقامگیر و بەهێز، شێوازی چۆنیەتی دارشتنی یاساکانی گۆڕیوە و ئەو یاسایانەی بە کردەیی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا نەبێت و لەوە دڵنیا نەبێت کە حکومەت لە توانایدا هەیە، جێبەجێیان بکات، دەریان ناکات، ڕاشکاوانەتر ئێستا پەرلەمانی کوردستان یاسا دەردەکات بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت و خەڵك لە جێبەجێکردنی یاساکان لەلایەن حکومەتەوە سوودمەند بێت و خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگە دروست بێت، لە هەمانکاتدا دەسەڵاتی دادوەری کە ئێستا دەزانێت حکومەت خۆی هاندەرە بۆ ئەوەی لە کوردستاندا کەس لە سەرووی یاساوە نەبێت، هەست دەکرێت کە دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکانیش زۆر باش ئەکتیڤ بوون و هەست دەکرێت ئەوانەی دوێنێ خۆیان لە سەرووی یاسا و حکومەتەوە دەبینی، ئێستا لەبەر دەستی یاسادا بێ دەسەڵاتن.



هێڤیدار ئەحمەد

جێگری سەرۆکی لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# پڕۆژە یاسای چاکسازی خواستی خەڵکی کوردستان و بەدیهێنانی دادپەروەرییە

**دوای چەندین جار دواکەوتن و ڕێگریی لابەلا لە پڕۆژە یاسای چاکسازی سەرەنجام بە پشتیوانیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پڕۆژە گرنگە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی پەرلەمان کراو، وا بڕیارە کە لەم هەفتەیەوە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکات و تەواوی بڕگەکانی تاوتوێ بکات و لە ماوەیەکی کورتدا پەسەند بکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پڕۆژە گرنگە ئەم دیدارەمان لەگەڵ هێڤیدار ئەحمەد جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** پڕۆژە یاسای چاکسازی بوارەکانی مووچە و خانەنشین و دەرماڵە و ئیمتیازاتەکانی دیکە دەگرێتەوە و ئەوەش گرنگییەکی تایبەتی هەیە، وەك جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمان چۆن لەو پڕۆژە یاسایە دەڕوانیت؟**

- پڕۆژەی چاکسازی، پڕۆژە و داواکاریی خەڵکی کوردستانە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی مانگی ئەیلوولی ٢٠١٨ کە هەڵگری پەیام و دروشمی چاکسازی بوو، بەڵێنی جێبەجێکردنی ئەو چاکسازییەی بە خەڵکی کوردستان داوە، لەگەڵ دەستبەکاربوونی حکومەت ئەو بەڵێنە درابوو کە ئەو پڕۆژە یاسایە بنێردرێتە پەرلەمان، تەنانەت ئەو حزبانەی کە ڕێککەوتنیان کرد بۆ پێکهێنانی حکومەت لەوێشدا پڕۆژە یاسای چاکسازییان نووسیوە و کە یەکێك بووە لە بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئەوەی هەردوو حزبی یەکێتی و گۆڕان پاڵپشتی پارتی بن بۆ پێکهێنانی حکومەت و چاکسازی بکەین، واتا ئەم چاکسازییە خواستی پارتی و خەڵکی کوردستان و هەموو ئەوانەشە کە هاتوونەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی لەم پڕۆژەیە دەکەن، سوودمەندی سەرەکیش لە پڕۆژەکەی چاکسازی خەڵکی کوردستانە، هەموومان دەزانین ئەم پڕۆژەیە لە خولی پێشووی پەرلەماندا هێنرایە پەرلەمان، بەڵام شکستیان بە تێپەڕاندنی پڕۆژەکە هێنا، ئەمجارەش لەم لاو ئەو لاوە زۆر هەوڵیاندا توندی بەرامبەر پڕۆژە یاسای چاکسازی بنوێنن و پڕۆژە یاساکە نەگاتە پەرلەمان، بەڵام ئیرادەو جددییەتی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت و ئەو نەرمێتییەی نواندی بۆ ئەوەی پڕۆژەکە سەربگرێت و بگاتە پەرلەمان، دواجار لە کۆبوونەوەی سەرۆك وەزیراندا ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەرەکانی لە حکومەت رازی کرد بۆ ئەوەی پڕۆژەکە ببێتە پڕۆژەی هەمووان و لایەنە بەشدارەکانی ناو حکومەت، ئەوە بوو دوای جێگیرکردنی چەندین گۆڕانکاری، دواجار ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ پڕۆژە یاسای چاکسازی پەسەند کردو ناردییە پەرلەمان تا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و ڕۆژی دووشەممەش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت و دەنێردرێتە لیژنە پەیوەندارەکان.

**پارتی زۆرینەی پەرلەمانی هەیە، بەڵام بۆ کودەتا بەکاری ناهێنێت، بەڵکو بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری بەکاری دەهێنێت و سەرەتا لەخۆیەوە دەست پێ دەکات**

*** تاچەند بە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژە یاسایە دەتوانرێت دادپەروەری لە مووچە و خانەنشینان و دەرماڵە و ئیمتیازاتەکانی دیکەدا بکرێت؟**

- پڕۆژە یاسای چاکسازی یەك ناونیشانی هەیە، ئەویش بەدیهێنانی دادپەروەرییە، واتا جۆرێك لە دادپەروەریی لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، ڕاستە تەنیا بەم پڕۆژەیە ناتوانرێت هەموو کەموکورتی و نادادپەروەرییەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت، بەڵام بەشێکی زۆری ئەوەی پەیوەندی بە مووچەوە هەیە جێبەجێ دەکرێت، چونکە زیاتر لە ٧٠٪ی داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ مووچە دەڕوات لەناو ئەم مووچەیەشدا نادادپەروەرییەکی یەکجار زۆر هەیە و هەموومان هەستی پێ دەکەین و دەبێت دەستی بۆ

**ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ پڕۆژە یاسای چاکسازی پەسەند کردو ناردییە پەرلەمان تا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و ڕۆژی دووشەممەش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت**

ببەین، هەربۆیە دژایەتیی ئەم پرۆژەیە یەکجار زۆر دەبێت، بەڵێنیشمان داوە ئەم پرۆژەیەی چاکسازی سەربخەین و ئەو سەروەرییە دەبێت تۆمار بکەین.

*** باس لەوە دەکرێت یەکێك لە خەسڵەتە باشەکانی پرۆژە یاساکە کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان مووچەی پلە باڵاکان و مووچەی فەرمانبەرانی ئاساییە، ئایا دەکرێت ئەمەمان بۆ روون بکەیتەوە؟**

- ئەم پرۆژەیە لە هەشت بەشی سەرەکی پێك دێت و هەر بەشەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، لە باسی مووچەدا، پلە باڵاکان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی پلەی وەزیر یان مووچەی وەزیر وەردەگرن و بریکاری وەزیرو راوێژکارو بەڕێوەبەرانی گشتی و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەندامەکانیان هەر هەموویان دەگرێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی بۆشاییەکی زۆر هەیە لەنێوان مووچەی پلە باڵا لەکوردستان و مووچەی فەرمانبەرانی ئاسایی، لەم پرۆژە چاکسازییەدا هەوڵ دەدرێت ئەم بۆشاییە کەم بکرێتەوە، بە مووچەی پێشمەرگەشەوە کە ٥٠٠ هەزار دینارە و زۆر کەمە، بۆ گەڕانەوەی ئەم دادپەروەرییە هەوڵ دەدەین شەڕێکی گەورەی لەناو پەرلەمان بۆ بکەین، هەروەها دەیان کەس هەیە لەناو حکومەت و دامەزراوە سەربازییەکان بەناوی هێزی پێشمەرگە پارەیەکی خەیاڵی دەبات، بێ ئەوەی هیچ حیساب و چاودێری و ژمێرکارییەکی لەسەر هەبێت، ئایا ئەو پارەیە دراوە بە هێزی پێشمەرگە یان هەر بە گونیە پارەکە دەبەن و کەس نازانێت چۆن چۆنی و بۆ چ مەبەستێك خەرج دەکرێت، لەم یاسایەدا ئەم کەموکورتی و بەهەدەردانانە هەمووی چاك دەکرێتەوە و بۆ خەڵکی کوردستان دەیسەلمێنین پێداچوونەوەیەکی جددی بە وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ دەکەین و خانەنشینکردنیان رێك دەخەینەوە، بڕوا بکەن کەسانێك هەن کاریان هەر کوشتنی پێشمەرگە بووە و لەگەڵ حزبی بەعس بوون، کەچی ئێستا بە پارەیەکی زۆر خانەنشینی پێشمەرگە کراون و مووچەی عەقیدی خانەنشین وەردەگرن، لە بەرامبەردا کەسانێك هەن بە راستی پێشمەرگە بوون و ماڵی خۆیان لەسەر داناوە، کەچی ئێستا ٥٠٠- ٦٠٠ هەزار دینار وەردەگرن، ئەمە هیچ دادپەروەرییەکی تێدا نییە، پێداچوونەوە بە پاسەوانەکانیش دەکرێت و وەزارەتی ناوخۆ رادەسپێردرێت هەرچی پاسەوانە لە ژێر چەتری دەزگایەکی سەر بەوەزارەتی ناوخۆ کۆبکرێنەوە، ناکرێت ئەفسەرێك، یان بەرپرسێك مووچەی سەدان پاسەوان و هاتوچۆی و خۆراکی وەربگرێت، کەچی خۆی لەراستیدا تەنیا دوو کەسی لەگەڵدا بێت، دەستبردن بۆ ئەم هەموو کەموکورتی و بێسەروبەری و گەندەڵییە هەر وا ئاسان نییە، چونکە ئەو کەسانە هەروا دانانیشن و رووبەڕوومان دەبنەوە، واتە ئەم بابەتە بابەتێکی توندە و دەبێت مامەڵەکردنیش لەگەڵیدا توند بێت و سزای کەسانێکیش بدرێت.

*** ئەگەر لەسەر بابەتی خانەنشینکردنی فەرمانبەران و هەموو ئەو گۆڕانکارییانە بوەستین کە لە پرۆژە یاسای چاکسازییەکەدا بوونی هەیە، ئایا مووچەی خانەنشینان ئەوانەی کەمن زیاد دەکرێت؟**

- پرۆژەی چاکسازیی پارەیەکی زۆر بۆ حکومەت دەگەڕێنێتەوەو ئەو پارەیەش دەبێت بزانین کە بۆ باشکردنی باروگوزەرانی ئەو خانەنشینانەی کە مووچەکانیان زۆر کەمە بەکاردەهێنرێت، یان لەو بوارانەدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت کە خزمەتگوزارییە، هەموو پرۆژەیەك دەبێت کەڵکی ئابوورییەکەی بزانیت، کەڵکی ئابووری ئەم پرۆژە چاکسازییەش لەوەدایە جگە لەوەی دادپەروەری دەگەڕێنێتەوە، هاوکات ئەو خانەنشینانەی مووچەکانیان کەمە و پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە بۆ ئەوەی مووچەکانیان بەرز بکرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە مادام پرۆژە یاساکەی چاکسازی ناوی دادپەروەرییە، هەر بۆیە پێویستە بیر لەوە بکەینەوە ئەو پارەیەی بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە چۆن خەرجی بکەین لە بوارێك، یان بۆ باشکردنی دۆخی مووچەی چین و توێژێکی دیکەدا بەکاربهێنرێت، هەر بۆیە بەشی یەکەمی پرۆژە یاسای چاکسازی بریتییە لە بەرجەستەکردنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری، ئەمە ئامانجە سەرەکییەکەیە، ئەوانەی مووچەیان کەمە و ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ هەزار دینارێك دەبێت، چۆن زیاد بکرێت

**زیاتر لە ٧٠٪ی داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ مووچە دەڕوات لەناو ئەم مووچەیەشدا نادادپەروەرییەکی یەکجار زۆر هەیە و هەموومان هەستی پێ دەکەین و دەبێت دەستی بۆ ببەین**

**بۆشاییەکی زۆر هەیە لەنێوان مووچەی پلە باڵا لەکوردستان و مووچەی فەرمانبەرانی ئاسایی، لەم پرۆژە چاکسازییەدا هەوڵ دەدرێت ئەم بۆشاییە کەم بکرێتەوە**

**دەیان کەس هەیە لەناو حکومەت و دامەزراوە سەربازییەکان بەناوی هێزی پێشمەرگە پارەیەکی خەیاڵی دەبات، بێ ئەوەی هیچ حیساب و چاودێری و ژمێرکارییەکی لەسەر هەبێت**

**کەسانێک هەن کاریان هەر کوشتنی پێشمەرگە بووە و لەگەڵ حزبی بەعس بوون، کەچی ئێستا بە پارەیەکی زۆر خانەنشینی پێشمەرگە کراون و مووچەی عەقیدی خانەنشین وەردەگرن**

بۆ ئەوەی ژیان و بژێوی خۆیان بەڕێوەببەن، مووچەی خانەنشینان کە ژمارەیەکی زۆریان لەنێوان ٢١٤ هەزار بۆ ٢٢٠ هەزار دینارە و ئەمە نادادپەروەرییەکی زۆر گەورەیە و خەڵکی ئێمە ناتوانن بەو شێوەیە باروبژێوی ژیانیان پێ بەڕێوە ببرێت، تەنانەت بەشی دەرمان و پێداویستییە سەرەکییەکانیان ناکات و ناتوانێت بەو مووچە کەمەوە گەشتێك بکات، یان ناتوانێت منداڵەکەی لە خوێندگایەکی ئەهلی یان لە زانکۆ و بوارێکدا پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات، فەلسەفەی ئەم پرۆژەی چاکسازییە لەوەدایە کە تۆ پلە بەرز و مووچە زۆرەکانت کەم کردەوە، چۆن بۆ بەرزکردنەوەی مووچە نزمەکان بەکاری دەهێنیتەوە، ئەمە لە ماددەی یەکەم و بڕگەی یەکەمدا باسی لێوەکراوە و دەبێت چارەسەر بکرێت.

*** پرۆسەی چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە و ئایا لە دوای ئەم پرۆژەیە پرۆژەی دیکەی چاکسازی ئەنجام دەدرێت؟**

- ئەم پرۆژە یاسایە تەنیا باسی مووچە دەکات، خۆ دەیان بوار و سێکتەری دیکە هەیە کە پێویستیان بە چاکسازی هەیە، لە قۆناغی داهاتووشدا لەو بوارانەدا هەنگاوی دیکە دەبێت، لەلایەکی دیکەوە لەم دنیایە بە دەیان پرۆژە هەیە پێویستی بە چاکسازی هەیە، بۆ نموونە دەیان کۆمپانیا هەیە کە لە باج و رسوماتەکان بەخشێندراون، تەنانەت لەگەڵ فرۆشتنی موڵکدا ئەو حاڵەتە هەیە کە چەندین دەفتەر دۆلار قازانج دەکات و یەك دینار بە حکومەت نادات، لەکاتێکدا ئەم بڕە پارە زۆرەی قازانج بۆ ئەو ژینگەیەو ماندووبوونی کارمەندانی ئاسایش و دەزگا پەیوەندارەکان دەگەڕێتەوە کە چەندین قوربانی و شەهیدیان داوە. خۆ دەکرێت لەلایەن ئەو کۆمپانیانەوە کاری جددی تێدا بکرێت و چیتر لە باج و رسوماتەکان خۆش نەبین. حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پاڵپشتیی ئەم چاکسازییە دەکەین، رەنگە لەم قۆناغەدا گلەیی و رەخنەیەکی زۆرمان لێ بکرێت، بەڵام چیتر پارتی بێدەنگ نابێت لە بەرامبەر ئەوانەی هەرێمی کوردستان وەکو مانگایەکی شیردەر سەیر دەکەن و دەیدۆشن و لێی دەبەن و هیچیش نادەن، تۆ ١٢ ساڵە سوودی لێ وەردەگرێت ئێستا بەپێی یاسا کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بەو نادادپەروەرییەو و بەهەدەردانی دارایی گشتی بهێنین. پێویستە بزانین مافی تۆ چییە و چی دەبەخشیتە کوردستان و حکومەت لەبەرامبەر ئەو ژینگە لەبارەی پێشکەشت کراوە، پێویستە تۆ سەروەت و سامانت لە دەستێکی ئەمیندا بێت، ئەوەتا لە دەوروبەرمان پشێوی و نائارامییەکی راددەبەدەر هەیە و خەڵکی هەڵدێت، گرنگ ئەوەیە سەروەت و سامانت لە دەستێکی ئەمیندا بێت و وەکو عێراق و وڵاتانی دەوروبەرمان بەسەر نەیەت، لێرە خەڵکی سوودمەندە هەر بۆیە دەبێت تۆش لەبەرامبەر ئەمە ئەرکت لەسەر شان بێت.

*** زۆر لە پەرلەمانتاران سەروبنی زمانیان چاکسازی بوو، کەچی ئێستا لێرەو لەوێ موزایەدە لەسەر پرۆژە یاساکە دەکەن و دەڵێن زۆر لە برگەکانی پێویستی بە چاکسازی هەیە، ئەم دووفاقییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من لەسەرەتادا ئاماژەم بەوە کرد کە دوژمنانی ئەم پرۆژەیە زۆر زۆرن، چونکە پێی دەڵێن چاکسازی، بەرامبەر وشەی چاکسازییش خراپکاری هەیە، ئێمە چاکسازی لەسەر شتێك دەکەین کە گەنیو بووە و دەبێت چاکی بکەینەوە، ئەمەش بەدڵی خەڵکانێك نابێت کە لە بەرژەوەندییەکانیان دەدرێت.

*** ئەی سەبارەت بە دەرماڵەکان چ هەنگاوێك لەم پرۆژە یاسایەدا بۆی نراوە، چونکە خەڵکێکی زۆر ترسی بڕینی دەرماڵەکانیان هەیە؟**

- پرۆژە یاسای چاکسازی بەو ئاراستەیە دەچێت کە دووبارە چاوخشاندنەوەی بۆ بکرێت، لەم وڵاتە چاپچی هەیە لە وەزارەتێك یەك ملیۆن دینار مووچەکەیەتی، کەچی لە وەزارەتێکی دیکە تەنیا ٥٠٠ هەزار دینار وەردەگرێت، یان شوفێرێك لە وەزارەتێکی خزمەتگوزار ٣٠٠ هەزار دینار وەردەگرێت، کەچی لە وەزارەتێکی دیکە مووچەکەی بۆ یەك ملیۆن دینار دەچێت، ئەمە پێی دەڵێن ناعەدالەتی؛ دەبێت ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم ماف و ئیمتیازات و دەرماڵەکان رێك بخاتەوە، بە شێوەیەك هەر فەرمانبەرێك ماف و ئیمتیازات و ئەرکەکانی دیار بێت.

**ناکرێت ئەفسەرێك، یان بەرپرسێك مووچەی سەدان پاسەوان و هاتوچۆ و خۆراکی وەربگرێت، کەچی خۆی لەراستیدا تەنیا دوو کەسی لەگەڵدا بێت**

**مووچەی خانەنشینان کە ژمارەیەکی زۆریان لەنێوان ٢١٤ هەزار بۆ ٢٢٠ هەزار دینارە ئەمە نادادپەروەرییەکی زۆر گەورەیە چونکە تەنانەت بەشی دەرمان و پێداویستییە سەرەکییەکانیان ناکات**

**چیتر پارتی بێدەنگ نابێت لە بەرامبەر ئەوانەی هەرێمی کوردستان وەکو مانگایەکی شیردەر سەیر دەکەن و دەیدۆشن و لێی دەبەن و هیچیش نادەن**

**بڕیارمان داوە هەرکەس و لایەنێك دژی ئەم چاکسازییە بن ئاشکرای دەکەین**



*** کەواتە وردەکاریی ئیداریی کارەکانی پەرلەمان چییە بۆ ئەوەی ئەو ڕەشنووسی پڕۆژە یاسایە ئامادە بکرێت و خوێندنەوەکانی بۆ بکرێت و دواتر ماددە و بڕگەکانی بخرێتە دەنگدانەوە؟**

- پڕۆژە یاسای چاکسازی جگە لەوەی بابەتێکی یاساییە هاوکات بابەتێکی سیاسیشە، واتا ڕەشنووسی پڕۆژە یاساکە جگە لەوەی یاساییە و بە ڕێکاری یاسایی خۆیدا تێدەپەڕێت، دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا ڕۆژی دووشەممە، دواتر سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان تەسلیمی لیژنە پەیوەندیدارەکانی دەکات و بۆ نموونە لیژنەی دارایی پەیوەندیدارە بەم یاسایە و دەبێت لە ماوەی ٢١ ڕۆژ ڕاپۆرتی بۆ ئامادە بکەین و تەسلیمی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی بکەین بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت، خۆ ئەگەر لەو ماوەیەدا نەتوانرا ڕاپۆرتی بۆ ئامادە بکەین ئەوا ١٠ بۆ ١٤ ڕۆژی دیکە مەجالی دەدرێتێ خۆ ئەگەر هەر نەکرا، دەبێت سەرۆکایەتیی پەرلمان خۆیان چارەسەری ئەم بابەتە بکەن، بەڵام ئەم بابەتە هەندێك دانوستان و گفتوگۆی سیاسی پێویستە لەنێوان فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان و حزبەکان لە



دەرەوەی پەرلەمان بۆ ئەوەی سەر بکەوێت، نەیارەکانی ئەم پرۆژەی چاکسازییە زۆرن و زۆر حزب هەیە بە رووکەش لەگەڵ چاکسازیدان، بەڵام کاتێك لەگەڵ ئێمە قسە دەکەن، دژی یاساکەن، بۆیە ئێمەش بڕیارمان داوە هەرکەس و لایەنێك دژی ئەم چاکسازییە بن ئاشکرای دەکەین، لە کاتێکدا هاووڵاتیانی کوردستان و رۆشنبیران و چین و توێژەکان داوای چاکسازی دەکەن، لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگری پەیامی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵییە و پشتگیریی تەواو لە پرۆسەی چاکسازی دەکات و بە کردەوە بەڵێن و قسەکانی جێبەجێ دەکات، ئەمەش بۆ موزایەدە نییە. لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان زۆربەی حزبەکانی کوردستان یەکجار توانییان زۆرینەی پەرلەمان پێك بهێنن لەسەر پیاوێك کە لە بەرەکانی شەڕ پارێزگاری لە خەڵکی کوردستان دەکرد، پارتی لە بەرەکانی شەڕ بوو، ئەوان لە ناوخۆ کودەتایان کردو تابوری پێنجەم بوون، بەڵام خوا یاری ئەم هەرێمە و پارتی بوو، ئەمجارە پارتی زۆرینەی پەرلەمانی هەیە، بەڵام بۆ کودەتا بەکاری ناهێنێت، بەڵکو بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری بەکاری دەهێنێت و سەرەتا لە خۆیەوە دەست پێ دەکات.



دکتۆر کازم حەبیب

نووسەرو سیاسەتمەداری عێراقی بۆ گوڵان:

# قەڵاچۆکردنی گەندەڵی لە لوتکەوە دەست پێدەکات و دەبێت سیاسەتی «ئەمەت لە کوێ بوو؟» پیادە بکرێت

**گەندەڵی دیاردەیەکی مەترسیدارە کە سەرجەم عێراقی گرتۆتەوە، بە شێوەیەك کە بنبڕکردنی تەنیا لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەکرێت، واتا دەبێت لە بەرپرسانی ئیداری و حزبییەکانەوە دەست پێ بکرێت، هاوکات پەیوەندیی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لێکدانەوەی نالۆژیکی بۆ دەستوور لە دیاریکردنی ئەو پەیوەندییانە کاریگەریی بەرچاویان هەیە، هەروەها پێویستبوونی تەکامولێکی پتەوی ئابووری کە خۆشگوزەرانی و ژیانێکی ئاسوودە بۆ هەموو عێراقییەکان دابین بکات، ئەمانەو چەندین خاڵی دیکە، تەوەری گرنگی ئەم دیمانەیەی گوڵان بوون لەگەڵ دکتۆر کازم حەبیب نووسەرو سیاسەتمەداری عێراقی، ئەمەش پووختەکەیەتی.**

*** گەندەڵی پەتایەکی ترسناکە هەموو حکومەتەکانی دنیا بە دەستییەوە دەناڵێنن، ئایا وەك پسپۆڕێك ئەو میکانیزمانە چین کە پێویستە بگیرێنەبەر بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی؟**

- کەم دەوڵەت هەیە لە جیهاندا گەندەڵی تێدا نەبێت، دەگوترێت کە فینلەندا گەندەڵی تێدا نییە، لە راستیدا شتێك لەم شێوەیە نییە، گەندەڵی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاشدا بە شێوەیەکی فراوان هەیە، بەڵام لەوێ دوای ماوەیەك ئاشکرا دەبێت و گەندەڵەکان دەدرێنە دادگاو لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، گەندەڵی لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو زۆر بڵاوە، لە هەندێ وڵاتدا بۆتە سیستەمێك، دەوڵەت و کۆمەڵگەش پیادەی دەکەن، پەیوەندیی گەندەڵی لۆکاڵی نییە بە تەنیا، بەڵکو پەیوەستە بە گەندەڵیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە، بۆ نموونە گەندەڵی لە دەوڵەتێکی ئەفریقی لە هەموو هەرێمەکە و سەرتاسەری کیشوەرەکە بڵاو دەبێتەوە، گەندەڵی لە عێراق پەیوەندی بە گەندەڵیی کەنداو و سووریا و تورکیا و ئێرانەوە هەیە. گەندەڵی بەشێکە لە پرۆسەی سیاسی و ئابووری، بۆ نموونە گەورە کۆمپانیایەك کە دەیەوێت پرۆژەیەك لە وڵاتێك بکات، ناچار دەبێت بە هۆی ئەو گەندەڵییەی هەیە، پارەی زیاتر بدات تاکو پرۆژەکەی دەست بکەوێت، بەمەش بەشێکی لە پارە وەك بەرتیل بە دەوڵەتەکە داوە، سەبارەت بە عێراق، ئەوا لە سەردەمی بەعسەوە ئەم وڵاتە هەر گەندەڵ بووە، بەڵام لە سەردەمی پاشایەتی گەندەڵی نەبووە، پێمان سەیر بوو لە سەردەمی پاشایەتی ئەگەر پۆلیسێکمان بدیبایە درهەمێکی وەرگرتبایە وەك بەرتیل بۆ بەڕێکردنی ئۆتۆمبیلێك، یان شتێك، لەو سەردەمەدا گەندەڵی تەنیا لە دادگاکان هەبوو لەگەڵ دەرەبەگ و ئاغاکان، تاکو زەویی جووتیاران زەوت بکەن، بەڵام ئەو گەندەڵییە سنووردار بوو، لە سەردەمی بەعسدا گەندەڵی زۆر بڵاوبۆوە و حکومەت خۆی گەندەڵ بوو، ئەوان گرێبەستی فراوانیان بە چەکەوە دەکرد، خودی سەرکردایەتیی قەومیی بەعس زۆربەی گرێبەستەکانی بۆ خۆی دەبردو پارەیەکی باشی دەست دەکەوت، بەتایبەتیش دوای دووەم جاری هاتنەوەی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨، دوای ئەوەی داهاتی نەوتی عێراق زیادی کرد، گەندەڵی لە سیستەمی حوکمڕانیدا زۆر فراوان بوو، کاتێکیش لە سیستەمی حوکمڕانی دەردەچوو، فشاری دەخرایە سەر، چونکە پەیوەندیی بە حوکمڕانانەوە نەدەما، بە بازرگانەکانی سەر بە حکومەت، لێیان دەدراو دەگیران و دەدرانە دادگا، وەك ئەوەی لەگەڵ چل بازرگان کرا و هەندێکیشیان لە سێدارە دران، ئەم دیاردەیە گواسترایەوە بۆ سیستەم (حکومەت)ی تازە، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و دوای رووخانی رژێمی بەعس گەندەڵی لە سەرتاسەری عێراق بڵاوبۆوە، فاکتەرەکانیش ئەوە بوون کە دەوڵەت خۆی لە سەرەوە گەندەڵ بووە، هۆکارەکەشی لەبەر ئەوە بووە کە رەوشت و بەها و هەڵسوکەوت و رەفتارەکان لای مرۆڤ گۆڕان، بۆیە دەبینین کە گرێبەستی هاوردەکردنی چەك و جێبەجێکردنی پرۆژەکان و خزمەتگوزارییەکان زۆر گەندەڵی تێدا کراوە، بۆ

**گەندەڵی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاشدا بە شێوەیەکی فراوان هەیە، بەڵام لەوێ دوای ماوەیەک ئاشکرا دەبێت و گەندەڵەکان دەدرێنە دادگاو لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت**

**دوای رووخانی رژێمی بەعس گەندەڵی لە سەرتاسەری عێراق بڵاوبۆوە، فاکتەرەکانیش ئەوە بوون کە دەوڵەت خۆی لە سەرەوە گەندەڵ بووە، هۆکارەکەشی لەبەر ئەوە بووە کە رەوشت و بەها و هەڵسوکەوت و رەفتارەکان لای مرۆڤ گۆڕان**

نموونە بە هۆی گەندەڵییەوە بە ملیاران دۆلار بەهەدەرچوو بۆ کارەبا، بێ ئەوەی کارەبا باش بکرێت، پڕۆژەکانی پیشەسازییش هەموویان بەفیڕۆچوون. قەڵاچۆکردن و نەهێشتنی گەندەڵی لە لوتکەوە دەست پێ دەکات، ئەگەر بتەوێت گەندەڵی لە وڵاتێکدا نەهێڵیت، ئەوا پێویستە لە سەرکردایەتییەوە دەست پێ بکەیت، دەبێت سەرکردایەتی بە شەفافییەت بودجە و حیساب و مووچە و رەسیدی بانك و خەرجییەکانی ئاشکرا بکات، لەم حاڵەتەدا هەموو کارمەندو فەرمانبەرانی دیکەی دەوڵەت حیسابی خۆیان ئاشکرا دەکەن، دواتر دەبێت دەوڵەت، یان وەزارەتی دارایی خۆی چاودێریی هەبێت بەسەر بودجەو خەرجییەکانی خۆیەوە، بەسەر بەرنامەی پڕۆژەکان، پڕۆژە پیشەسازییەکان، واتا ئەو پارەیە چۆن خەرج دەکرێت، بۆ نموونە ١٠٠ هەزار دینارت داناوە، دێیت لێی دەپرسییەوە، چۆن و بە چی و لە چیدا خەرج کراوە و کوا لیستی خەرجییەکان؟ کاتێك چاودێری داراییمان هەبێت و چاودێریشمان بەسەر ئەو چاودێرییە داراییەدا دەبێت، ئەو کاتە توانای ئەنجامدانی گەندەڵی کەم دەبێتەوە، کاتێ مووچەی تەواو و شایستە دەدەیت بە سوپا و پۆلیس و ئاسایش کە بتوانن خۆیان و ماڵ و منداڵیان بژیێنن، ئەوکات ئامادە نابن دزی و گەندەڵی بکەن، کاتێ فەرمانبەرێك بە چاوی خۆی دەبینێت، بەرپرسێك لە دەوڵەت پتر لە دە ملیۆن دینار وەردەگرێت، ئەویش تەنیا پێنج سەد هەزار دینار، یان کەمتری هەیە کە بەشی خۆی و منداڵەکانی و کرێی خانووی ناکات، ناچار دەبێت دەست پان بکاتەوە، کەواتە پەیوەندییەکە لە نێوان چاودێریی دارایی و دابینکردنی دادپەروەرییە لەنێو کۆمەڵگەدا، مرۆڤی هەژار کاتێ ناتوانێت خۆی و خێزانەکەی بەخێو بکات، ناچار یان خۆی دەکوژێت، یان دزی دەکات، یان لەسەر شەقامەکان سواڵ دەکات، بۆیە دەبینین کە گەندەڵی دەکات و دەیدەنە دادگا، کە دەبێ ئەو کەسە دادگایی نەکرێت، پێویستە حوکمڕانەکە دادگایی بکرێت کە دادپەروەر نییە لە دابەشکردنی سامان.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان شەڕی لە دژی گەندەڵی راگەیاندووە، ئامانجیش لەم شەڕە فراوانکردنی خزمەتگوزارییە بۆ خەڵکی کوردستان، هەر وەك ئاگادارن هۆکاری سەرەکیی گەندەڵی لە کوردستان گەندەڵیی سیاسیی حزبەکانە، ئایا پێداویستییەکانی حکومەتی کوردستان بۆ زاڵبوون بەسەر گەندەڵیدا چۆن دەبینن؟**

- جارێکیان دیدارێکم لەگەڵ رێزدار نێچیرڤان بارزانی هەبوو کە ئەوکاتە سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بوو، باسی گەندەڵیمان کردو لێی پرسیم نەهێشتنی گەندەڵی چۆن دەبینیت؟ گوتم: دەبێت لە حکومەت و سەرکردایەتیی حزبەکانەوە دەست پێ بکەین، بە هەموان بڵێین سامانەکانتان ئاشکرا بکەن، دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکان سامانەکانیان ئاشکرابکەن بەوەی کە لە کوێوە هێناویانە؟ پێویستە یاسای «ئەمەت لە کێ بوو؟» هەبێت، ئەم یاسایە واتا هەموو وەزیر و بەرپرس و فەرمانبەرێك دەگرێتەوە، هەروەها وەزارەتی داراییش ئاشکرای بکات، کێن ئەوانەی مووچە وەردەگرن؟ مووچەخۆری بندیوارمان زۆر هەیە، کە تەنیا ناوی هەیە، یان بە ناوێکی دیکە و کاریش ناکات، هەروەها هەیە دوو مووچە و سێ مووچە وەردەگرێت و لە سێ شوێن تۆمار کراوە، هەروەها کەسێك بیەوێت پڕۆژەیەك جێبەجێ بکات، ئەگەر بەرپرسێك شەریکی نەبێت، ناتوانێت بیکات، واتا بە نیوەیی (فیفتی-فیفتی)، قازانجەکەی دابەش دەکەن، هەرچەندە سەرمایەکە هی بزنسکارەکەیە، ئەمە لە بەغداو لە هەموو شوێنێکدا هەیە، بەو رێگەیە خودی وەبەرهێنەرەکەش کەمتەرخەمی لە پڕۆژەکەدا دەکات و رەنگە بدزێت، چونکە قازانجەکەی بە نیوەیە لەگەڵ بەرپرسەکە، بۆیە پێویستیمان بە سیستەمێك هەیە بۆ قەڵاچۆکردنی سیستەمی گەندەڵی.

*** ئاشکرایە هەیکەلەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیکەلێکی قورس و فراوانە و ئەم حکومەتە پێویستی بە تەرشیق هەیە، بەتایبەتی لە رووی زۆریی ژمارەی فەرمانبەرانەوە، بۆ ئەمەش باس لە بەهێزکردنی کەرتی تایبەت دەکرێت، ئایا تاچەند کەرتێکی تایبەتی بەهێز دەبێتە هۆکاری ئەوەی حکومەت بتوانێت خۆی تەرشیق بکات؟**

**بە هۆی گەندەڵییەوە بە ملیاران دۆلار بەهەدەرچوو بۆ کارەبا، بێ ئەوەی کارەبا باش بکرێت، پڕۆژەکانی پیشەسازییش هەموویان بەفیڕۆچوون**

**دەبێت سەرکردایەتی بە شەفافییەت بودجە و حیساب و مووچە و رەسیدی بانك و خەرجییەکانی ئاشکرا بکات**

**کاتێ مووچەی تەواو و شایستە دەدەیت بە سوپا و پۆلیس و ئاسایش کە بتوانن خۆیان و ماڵ و منداڵیان بژیێنن، ئەوکات ئامادە نابن دزی و گەندەڵی بکەن**

**کاتێ فەرمانبەرێك بە چاوی خۆی دەبینێت، بەرپرسێك لە دەوڵەت پتر لە دە ملیۆن دینار وەردەگرێت، ئەویش تەنیا پێنج سەد هەزاردینار، یان کەمتری هەیە کە بەشی خۆی و منداڵەکانی و کرێی خانووی ناکات، ناچار دەبێت دەست پان بکاتەوە**

- لە عێراق بە گشتی، نەك تەنیا هەرێمی کوردستان، گرنگی بە پرۆسەی پەرەپێدان نەدراوە، پەرەپێدانی ئابووری واتا بنیاتنانی پیشەسازی، پەرەپێدان و بە مۆدێرنکردنی کشتوکاڵ، فراوانکردنی ئەوانەی لەم بوارانەدا کاردەکەن، لەپاڵ پێشخستنی تەکنەلۆجی، پشتگیریی هێزی کار، ئەمەش پێویستی بە گەشەپێدانی مرۆیی هەیە، بەڵام پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی، یان کۆمەڵایەتی، کە پرۆژەی ئابووریت نەبێت، پیشەسازیی فراوان و کشتوکاڵی مۆدێرنت نەبێت، چی ڕوودەدات؟ دیارە بێکاریی فراوان دێتەئاراوە، بۆیە ناچار مووچە دەدەیت، تاکو پشتگیریت بکەن و لە هەڵبژاردندا دەنگت پێ بدەن، بەمەش فەرمانبەرو خانەنیشنان مووچە وەردەگرن، ئەمە بەشێکی زۆری بودجە لە دەوڵەت و لە هەرێم دەبات، لەو کاتەدا توانای دەوڵەت بەسەر دوو شتدا نامێنێت، یەکەم: بەسەر پەرەپێدان و پارەکە ڕۆیشت، دووەم: چی دیکە ناتوانیت کەس دامەزرێنیت، چونکە فەرمانگەکان پڕبوون، بەمەش خەڵکەکە بە رووی دەوڵەت و حکومەتدا دەتەقنەوە، چونکە حکومەت نەیتوانیوە پەرەپێدانی پیشەسازی و هەلی کار دابین بکات، هاوکات ناتوانێت کەس دابمەزرێنێت، کەواتە دەوڵەت، یان هەرێم لەبەردەم سێ شتدایە، یەکەم: دەست بکات بە پەرەپێدانی پیشەسازی و بەمۆدێرینکردنی کشتوکاڵ بەو پارەیەی هەیەتی، دووەم: دەبێت دەرفەت بۆ کەرتی تایبەت دەستەبەر بکات تا لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی بتوانێت هەلی کار دابین بکات، سێیەم: پڕۆژەی بچووکی پیشەسازی کە دەبێت دەوڵەت یان هەرێم یارمەتی بدات، چونکە کەرتی تایبەت تواناو پارەی باشی لەبەردەستدایە و ئەم کارە دەکات، پێویستە لە جیاتی بیناسازی، پڕۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی بکەین، تا بتوانین چی دیکە لە دەرەوە کاڵا نەهێنین، بەمەش پارەکە دەمێنێتەوە و بواری کار بۆ بێکاران دەڕەخسێت، دواجار جموجۆڵی پارە دەکەوێتە بازاڕەوە و ناچێتە دەرەوە، ئەم لایەنە لەبیر کراوە، کاتی خۆی پڕۆژەیەکمان پێشکەش کرد، بەڵام گوێیان پێ نەدا، بەڵام ئەو ئابوورییەی هەرێم پشت بە خاك دەبەستێت، چونکە پشت بە خاك واتا نەوت دەبەستن، ئەگەر نەما واتا ئابووری هەرەس دێنێت، ئێمە دەمانەوێت بەو پارەیەی نەوت پیشەسازی بنیاد بنێین، ئەو پارەیەی لە نەوت چنگ دەکەوێت، دەبێت لە بەرهەمهێناندا خەرج بکرێت، بەمەش سامانەکە زیاد دەکات، چونکە ئەگەر داهاتی نەتەوەیی پشتی بە یەك سەرچاوە بەست، ڕۆژێك دێت ئەو سەرچاوەیە نامێنێت، دەبێت بۆ ئایندە و نەوەی داهاتوو کار بکرێت، گەلی کورد پێویستی بە دابینکردنی ئایندە هەیە، ئەگەر تەنیا پشتت بەمرۆ بەست، ئەنجامەکەی نەرێنی دەبێت.

*** هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، وەك دەزانن کۆمەڵێك کێشەی هەڵپەسێردراو لەنێوان هەولێر و بەغدادا هەن، بەڵام ئێستا دەروازەیەك کراوەتەوە بۆ ئەوەی بە دیالۆگ ئەو کێشانە چارەسەر بکەن، ئایا تاچەند گەشبینی بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەتایبەتی لە رووی بودجە و ئابوورییەوە؟**

- ئەو ئەشکالانەی لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان سەریانهەڵدا کێشەی ئاڵۆزن و لەگەڵ دەستوور دەستیان پێ کرد، چونکە دەستوور لە مادده و بڕگەکانی روون و ئاشکرا نییە، هەروەها سیستەم و ڕێسای دانەناوە بۆ پەیوەندیی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەند و هەرێم چین؟ مافەکانی هەر یەکێکیان چین؟ مافی پارێزگاکانی ناوەند و هەرێم و پەیوەندییان بە یەکەوە لە هەردوو لا چییە؟ ئەمانە ڕێسای ڕێکخراویان بۆ دانەنراوە، نە لە رووی داراییەوە و نە لە رووی پیشەسازی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، تەنانەت لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشەوە دیاری نەکراون، دواجار هەر یەکەیان دەیەوێت لە سەر حیسابی ئەوی دیکە ماف و دەسەڵاتی دەست بکەوێت، شتێکی دیکە ئەشکالییەکی گەورەیە کە هەردوو لا هەڵەیان کرد، حکومەتی فیدراڵ ویستی مافی تەواو بە حکومەتی هەرێم نەدات، هەرێمیش زیاد لە مافی خۆی داوا کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەنجامدانی ڕێککەوتنی تاکەکەسی لەنێوان سەرۆکی حکومەتەکان، نەك ڕێککەوتنی یاسایی و واژۆلەسەرکراو و چەسپێندراو، بۆ

**کەسێک بیەوێت پڕۆژەیەک جێبەجێ بکات، ئەگەر بەرپرسێک شەریکی نەبێت، ناتوانێت بیکات، واتا بە نیوەیی (فیفتی- فیفتی)، قازانجەکەی دابەش دەکەن**

**پێویستە لە جیاتی بیناسازی، پڕۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی بکەین، تا بتوانین چی دیکە لە دەرەوە کاڵا نەهێنین، بەمەش پارەکە دەمێنێتەوە و بواری کار بۆ بێکاران دەڕەخسێت**

**حکومەتی فیدراڵ ویستی مافی تەواو بە حکومەتی هەرێم نەدات، هەرێمیش زیاد لە مافی خۆی داوا کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەنجامدانی ڕێککەوتنی تاکەکەسی لەنێوان سەرۆکی حکومەتەکان، نەک ڕێککەوتنی یاسایی و واژۆلەسەرکراو**

**پەیوەندیی ئابووری دەبێت سەربەخۆ و بێ لایەن بێت و تێکەڵی سیاسەت نەکرێت، ئەگەر کێشەی سیاسی هەبوو، دەبێت پەیوەندیی ئابووری بەردەوام بێت**



نموونە نوری مالیکی بەڵێن بە کاك مسعود بارزانی دەدات کە مووچەی پێشمەرگە و شتی دیکەی دەداتێ، لەبەرامبەر ئەوەی پشتگیریی ئەو بەدەست بهێنێت تاکو جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران، بەڵام ئەوە لەنێوان خۆیاندا بووە و بە فەرمی تۆمار نەکراوە، ئەوە بوو نوری مالیکی لەساڵی ٢٠١٤ خۆی هەڵیوەشاندەوە، پێشتریش کاری بۆ دەکرد تا دوایی پیادەی کرد، بۆیە دەبوو بە فەرمی ئەو گرێبەست و ڕێککەوتنانەیان واژۆ بکردایە تا پێوەی پابەندبوونایە، ئەمە چەند جار نووسیومە، کە هەڵەکە لە هەردوو لایە، بەڵام دەبوو حکومەتی فیدڕاڵ زیاتر ڕەچاوی بەرپرسیارێتیی بکردایە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان.

*** هەموو کات ئابووریی کوردستان و عێراق تەکامولی یەکدییان کردووە، ماوەیەکە ئەو تەکامولە نەماوە، ئایا میکانیزمی گونجاو بۆ تەکامولی ئابووریی نێوان هەرێم و بەغدا چۆن دروست دەبێت؟**

- من پڕۆژەیەکم پێشکەش بە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کرد، گوتم: ئەو پڕۆژەیە بە دوو ڕێگا دەکرێت، چ لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ، یان بە تەنیا هەر خۆتان، پێویستە پلان و بەرنامەی ئابووری و کۆمەڵایەتیتان هەبێت، بەڵام کە ناردم وەڵامی نەبوو، دوای شەش مانگ پێیان ڕاگەیاندم کە گەیشتۆتە لایان، ڕۆژێکیان چاوم بە بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت، پێیم گوت پڕۆژەیەکم بۆ ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی ناردووە، گوتی گەیشتووە، بەڵام بەکەڵك نایەت، چونکە تەنیا گرنگیی بە بازرگانی و هاوردەکردن لەگەڵ تورکیا و ئێران دەدەن، ئەو دوو دەوڵەتە خێریان بۆ کوردستان و عێراق ناوێت، نایانەوێت ئابووریی کوردستان و عێراق بگەشێتەوە و تەنیا مەبەستیان ساخکردنەوەی کاڵاکانیانە، لە کاتێکدا ئێمە پێویستیمان بە پێشخستنی بازاڕی خۆماڵی و ساخکردنەوەی کاڵای خۆمانە، بازاڕی عێراق کە بازاڕی سی و هەشت ملیۆن کەسە زۆر فراوانە، بەڵام نابێ پەیوەندیی بازرگانی لەسەر بنەمای سیاسەت بێت، چونکە پەیوەندیی ئابووری دەبێت سەربەخۆ و بێ لایەن بێت و تێکەڵی سیاسەت نەکرێت، ئەگەر کێشەی سیاسی هەبوو، دەبێت پەیوەندیی ئابووری بەردەوام بێت، کێشەی

**کێشەکە نەبوونی متمانەیە لەنێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم، چونکە حکومەتی فیدراڵ تایفەگەرو گەندەڵە، بۆیە دەبێت هەرێمی کوردستان پلانی جێگرەوەی هەبێت، کاتێک بەغدا هاوکار نابێت**



گەورە ئەوەیە کە ئابووریی عێراق دەبێت بە پلانی هاوبەش بێت، هەرێم پلان دادەنێت و پارێزگاکان دایدەنێت و دواتر ڕێکدەخرێن، ئەو پلانە بە شێوەیەك جێبەجێ دەکرێت کە هەر پارێزگایەك وەبەرهێنانی خۆی هەبێت، هەندێ پڕۆژەی سەنتراڵ هەیە، وەك کارەبا کە دەکرێت پڕۆژەی سەنتراڵ بێت بۆ هەموو عێراق، هەروەها هەندێ پڕۆژەی دیکەی پیشەسازی وەك پترۆکیمیاویات، دەتوانرێت پڕۆژەکە لە سلێمانی، یان هەولێر، یان دهۆك، یان کەرکووك بکرێتەوە، ئەمە پێویستی بە ڕۆئیا و بۆچوونی هاوبەش هەیە، کێشەکە نەبوونی متمانەیە لەنێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم، چونکە حکومەتی فیدڕال تایفەگەرو گەندەڵە، بۆیە دەبێت هەرێمی کوردستان پلانی جێگرەوەی هەبێت، کاتێك بەغدا هاوکار نابێت. هەر بۆیە ئەگەر هەماهەنگی و هاوکاری هەبێت پێویستە هاوبەش بێت، چونکە هەر لایەك پلان و بەرنامەی خۆی هەیە و پێویستیی هەر یەکەیان جودایە، دەبێت هەموو پڕۆژەکان بەپێی هەماهەنگی و تەواوکاریی ئابووری بن، بۆ نموونە هەرێم پێویستی بە کارگەی ڕستن و چنین هەیە، عێراقیش بە هەمان شێوە، بەڵام وا چاکە کارگەیەك، یان دووانی گەورەمان هەبێت، بەرهەم بۆ هەموو عێراق بهێنێت، بەتایبەتیش ئەمە پێویستە بۆ وڵاتێك کە فرەنەتەوەو فرەتوانایە، بۆیە من پێموایە کەموکورتییەکە لە سیستەمی سیاسیی عێراقدایە، سیستەمێکی تایفەگەری و پشکپشکێنە زەحمەتە پشتی پێ ببەستیت بۆ دامەزراندنی ئابوورییەکی پتەو، عێراق ئامادەیی ئەوەشی تێدا نییە کە پەرەپێدان بکات، ئەوا شازدە ساڵ زیاترە نەیتوانیوە پڕۆژەیەکی ئابووریی بەهێز بنیاد بنێن، واتە سیاسەتێکی ئابووریمان نییە و بازاڕەکانیش پڕن لە کاڵای ساختە و هاوردەکراوی خراپ، پارەکەشمان هەمووی بۆ تورکیاو ئێران و چین دەچێت، لە کاتێکدا سامانەکە ناچێتە نێو ئابووریی عێراقەوە، ئەو سامانەش زیادناکات و بەردەوام لە دەستی دەدەین، بە ڕێگایەکی لۆژیکی و عەقڵانی دابەش ناکرێت، ئەوەیە ئەمڕۆ لە بەغداو پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەیبینین کە ئەنجامەکەی بەم شێوەیەیە، ئەگەر بێکاری و گەندەڵی هەر وا بەردەوام بێت، ڕەنگە هەموو عێراق بگرێتەوە.

**عێراق ئامادەیی ئەوەی تێدا نییە کە پەرەپێدان بکات، ئەوا شازدە ساڵ زیاترە نەیتوانیوە پڕۆژەیەکی ئابووریی بەهێز بنیاد بنێت**

دیندار نەجمان دۆسکی

سیاسەتمەدار و وەزیری پێشووی حکومەتی عێراق بۆ گوڵان :

# خۆپیشاندانەکانی عێراق گوزارشت لە پرۆژەیەکی گەورەی مەرجەعییەتی شیعە لە نەجەف دەکات

■

**عەرەبی شیعە بۆیان دەرکەوتووە کە ئیسلامی سیاسیی شیعە لە حوکمڕانیدا شکستی هێناوە**



**بارودۆخی خۆپیشاندانەکانی عەرەبی شیعە لە بەغدا و پارێزگاکانی باشووری عێراق گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە مەزندە ناکرێت پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەرەو کوێ دەچێت، مەرجەعییەتی شیعە کە راستەوخۆ سەرپەرشتیی ئەم خۆپیشاندانانە دەکات، دەیەوێت سەرەنجام بە کوێ بگاتە، هاوکات هەرێمی کوردستان کە هەتا ئێستاش بەشێکە لە عێراق، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم رەوشە سیاسییە ئاڵۆزەوە کە لە ئێستادا رێککەوتن و لێکتێگەیشتنی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٠ و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان دروست بووە، بۆ قسەکردن لەسەر خۆپیشاندانەکانی عەرەبی شیعە و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئەم دیدارە تایبەتەمان لەگەڵ (دیندار نەجمان دۆسکی) وەزیری پێشووی حکومەتی عێراق و سیاسەتمەداری ناسراوی عێراق و کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گولانی دایەوە.**

**تا ئێستا بارودۆخی عێراق ئاڵۆز و نادیارە و هەر هەفتە و شتێکی نوێ دروست دەبێت، هیچ هێزێکی سیاسی، یان شتێکی تازەش نییە بێتە پێشەوە، رەنگە لە داهاتووشدا سەرکردەی نوێ بۆ خۆپیشاندەران دروست ببێت**

*** لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی سیاسی لە عێراقدا ئاڵۆزیی تێکەوتووە، بەڵام لە چەند رۆژی رابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا لەسەر پرۆژە یاسای بوجەی ٢٠٢٠ رێککەوتن، چۆن هەڵسەنگاندن بۆ ئەم رێککەوتنە دەکەیت؟ ئایا ئەم رێککەوتنە کە لەگەڵ حکومەتی ئێستای عێراق کراوە، بە گۆڕینی حکومەتەکە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت؟**

- دکتۆر عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیران باسی لەوە کردووە کە ئەو حکومەتەکەی کاربەڕێکەرە و ناتوانێت وەکو پرۆژەی (پرۆژەی بودجە) بۆ پەرلەمان بنێرێت، بەڵام ئەم پەسەندکردنەوەی بودجەیە کە لێرەدا باسی دەکەین، لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵە و هەر پێویستی بە پەسەندکردنی پەرلەمانی عێراق هەبووە، هەرچەندە من نازانم ئەم پەسەندکردنەی کە دێت چۆن و کێ دەیکات، بەڵام من لەو باوەڕەدام گۆڕانکاریی ستراتیژی بەسەردا نایەت، پێشتریش کێشەی عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە بوو کە نەوتەکە رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان رازییە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت رادەستی سۆمۆ بکات، لەم روانگەیەوە بڕوام وایە ئەگەر بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز نەبێت، ئەو حکومەتەی عێراق کە دوای حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دێت، بە هەمان شێوە رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات.

*** عێراق کەوتۆتە حاڵەتێکەوە کە پێشبینیکردن بۆی زۆر ئەستەم بووە، لەلایەک خۆپیشاندانەکانی عەرەبی شیعە بەردەوامە، لەلایەکی دیکە هەموو هەفتەیەک مەرجەعییەتی نەجەف پەیامێك بڵاودەکاتەوە، ئایا وەك کەسێکی شارەزاو بە ئەزموون، وەزعی سیاسیی ئێستای عێراق چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- بارودۆخی عێراق رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر دەچێت، تا ئێستاش لایەنێکی سیاسی نییە هەڵگری پرۆژەیەکی سیاسی بێت و لەگەڵ ئەم خۆپیشاندانانەدا بێت، ئەوەی پەیامی سیاسیی خۆپیشاندانانیش دەگەیەنێتە حکومەت مەرجەعییەتی نەجەفە، هەفتانە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران وەردەگرن و دەیخەنە گوتاری مەرجەعییەتەوە، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین داواکاریی خۆپیشاندەرەکان تەنیا داواکاریی خزمەتگوزارییەکان بوو، پاشان گۆڕدرا بۆ پرۆژەیەکی سیاسی هەر لە گۆڕینی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردن و هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و.. هتد، ئەوەتا باس لە خۆپیشاندانی ٤ بۆ ٥ ملیۆن کەسی لەبەغدا دەکرێت، تەنانەت هەندێکیان باسی هەڵوەشاندنەوەی کۆی پرۆسە

**داواکارییە سیاسییەکان پەیوەندییان بە دەستتێوەردانی دەرەکییەوە هەیە، بەتایبەتی دەستتێوەردانی ئێران، هەرچەندە یەکێک لەداواکارییەکانی خۆپیشاندەران کەمکردنەوەی دەستتێوەردانەکانی ئێرانە**

سیاسییەکە دەکەن کە لە ٢٠٠٣وە دروست بووە، یان باس لە هەموارکردنەوەی دەستوور و هەڵوەشانەوەی پەرلەمانیش دەکەن، بەڵام باسی ئەوە دەکەن کە حکومەتێك دروست بکرێت، وەکو حکومەتی فریاکەوتن بۆ شەش مانگ کەمتر، تاوەکو هەڵبژاردنێکی پێش وەختە بکرێت و پەرلەمانیش هەڵبوەشێتەوە، چونکە داواکاریی هەڵوەشانەوەی پەرلەمانیش لە ناو خۆپیشاندەراندا هەیە، هەروەها داوای پەسەندکردنی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش دەکرێت، دەرئەنجام یاسای هەڵبژاردنیش هەر پەسەند دەکرێت، دیارە پرۆژەی سیاسی هەر ئەوەیە دۆخەکە بەرەو هەڵبژاردنی پێش وەختە بچێت. خۆپشاندانەکان لە قۆناغی خۆپیشاندان دەرچووە و وەکو شۆڕشێك پێناسە دەکرێت، کە لە دژی سیستەم و نوخبەی سیاسی و دژی دەستتێوەردانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتین، بەتایبەتی دژی دەستتێوەردانی ئێران، من خۆپیشاندانەکانی عێراق بە پرۆژەیەکی گەورە دادەنێم کە گوزارشت لەو پرۆژە گەورەیەی مەرجەعییەتی ئایینی لە نەجەف دەکات، بەڵگەی ئەم قسەیەشم ئەوەیە کە ئەگەر مەرجەعییەت داوای هەڵوەشانەوەی حکومەتی نەکردایە، سەرۆك وەزیران دەستی لەکار نەدەکێشایەوە و حکومەت نەدەبووە حکومەتی کاربەڕێکەر، هەرچەندە تا ئێستا بارودۆخی عێراق ئاڵۆز و نادیارە و هەر هەفتە و شتێکی نوێ دروست دەبێت، هیچ هێزێکی سیاسی، یان شتێکی تازەش نییە بێتە پێشەوە، ڕەنگە لە داهاتووشدا سەرکردەی نوێ بۆ خۆپیشاندەران دروست ببێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا من باوەڕم وایە ئەو حکومەتەی کە دێتە سەر حوکمیش هیچی لەبەردەست نییە، جگە لە هەڵبژاردنی پێش وەخت نەبێت .

*** لە ئێستادا عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیران دەستی لەکار کێشاوەتەوە، خۆپیشاندەرانی شیعە داوای کاندیدێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران دەکەن، کە مەحاڵە ئەو کەسە بدۆزرێتەوە، لایەنە سیاسییەکان لە ترسی شەقام ناتوانن کاندیدێك دیاری بکەن، مەرجەعیەتیش داوای ئەوە دەکات لە ١٥ ڕۆژدا ئەو کاندیدە دیاری بکرێت، بەڵام زەحمەتە لەو ماوەیە دیاری بکرێت، ئایا پرۆسەی دیاریکردنی کاندیدی سەرۆك وەزیران بە کوێ دەگات؟**

- من لەو بڕوایەدا نیم دەستنیشانکردنی کەسێك بۆ سەرۆك وەزیران کارێکی ئەوەندە زەحمەت بێت، بەڵام ئەو کەسەی دێت کێ دەبێت؟ ئێستا ئەوان دەڵێن سەربەخۆ بێت و سەر بە هیچ لایەن و حزب و هێزێکی سیاسی نەبێت و مەیل و هەواداریی بۆ هیچ دەوڵەتێکی ناوچەکە نەبێت، هەروەکو خۆپیشاندەرەکان ئاماژەی پی دەکەن، باشە خۆ عادل عەبدولمەهدی هەروا بووە و دکتۆر و کەسێکی بە ئەزموون و سەر بە هیچ حزب و دەوڵەتێك نییە و تەکنۆکرات بووە و سەربەخۆ بووە، ئەو کاتەش هێزە شیعەکان لەنێوان خۆیاندا ڕێککەوتن لەسەر ئەم کەسایەتییە، ئێستا هێزە ئەمنییەکان و حەشدی شەعبی و حزبەکان و هێزە سیاسییەکان ناتوانن وا بە ئاسانی لەسەر کەسایەتییەك ڕێکبکەون، هەرچەند سەرۆك کۆمار دەتوانێت لە ماوەی کەمتر لە ١٥ ڕۆژدا کەسێك بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان بکات، بەڵام دەبێت هێزە سیاسییەکان لە پەرلەمان لەسەر ئەو کەسە ڕێکبکەون، زۆرجار گوێبیستی ئەوە دەبین ڕەنگە لەم هەفتەیەدا کەسێك دەستنیشان بکرێت، بەڵام ئەو گەنجانەی لەسەر شەقامن باوەڕیان بەو دەستەبژێرە سیاسییە نییە، بۆیە ئەگەر هەر کەسێك بێت و هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام نەدات، ڕەنگە ئەو بارودۆخە ئاڵۆزو خۆپیشاندان و پشێوییە کە ئێستا لە عێراق هەیە، بەردەوام بێت.

*** لە ناو پەرلەمانی عێراقدا لیژنەیەك بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق پێکهێنراوە، هەموو ئاماژەکانیش بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن کە گوشاری خۆپیشاندەرانی شیعە بەرەو ئەوەیە کە دەستوور بەو شێوەیە هەموار بکرێتەوە کە سیستمی سیاسی لە عێراقدا بگۆڕێت، واتا لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی، پرسیاری ئێمە لەسەر شێوازی هەموارکردنەوەی دەستوورەکە نییە، بەڵکو خودی هەموارکردنەوەی دەستوور بۆ پرۆسەی سیاسی و داهاتووی عێراق چ مانایەکی هەیە؟**

- لە دەستووردا لە ماددەی (١٤٢ و ١٢٦) باسی هەموارکردنەوەی دەستوور کراوە،

**گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی، ئەمە ڕێک هەنگاوێکە وڵات بەرەو دیکتاتۆریەت ڕاپێچ دەکات**

**هەموارکردنەوەی دەستوور ئەگەر پێشێلی مافی کورد و کوردستانی تێدا بێت، بەهیچ شێوەیەک ناکرێت و سەرکەوتوو نابێت**

**لە ئێستادا عێراق لەژێر چاودێریی نێودەوڵەتیدایە و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا هەیە و کوردستان هەرێمە و ڕەنگە بڕاردەیەکی دیکە بۆ سوننەکان هەبێت**

واتا داواکاریی هەموارکردنەوەی دەستوور داواکارییەکی دەستوورییە، لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا چەندین تێبینی لەسەر دەستووری عێراق هەیە، بەتایبەتی لە پابەندنەبوونی حکومەتی فیدراڵی بە ماددەکانی دەستوورەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا باسی لێوە دەکرێت لە گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی، ئەمە رێك هەنگاوێکە وڵات بەرەو دیکتاتۆریەت راپێچ دەکات، هەر خۆی لەخۆیدا هۆکاری ئەو کێشەو ململانێیەش ئەو دابەشکردنە تائیفییە بووە کە ئێستا هەرچی بۆستە بە دابەشکردنی تائیفی دابەش کراوە، (سەرۆك کۆمار کوردە و سەرۆکی پەرلەمان سوننەیە و سەرۆك وەزیرانیش شیعەیە) لەم کاتەدا زۆر لە پێکهاتەکان بەتایبەتی کورد و عەرەبی سوننە پەراوێز دەخرێن، بەتایبەتی ئەگەر بێتوو هەموارکردنەوەی دەستوور بەو شێوەیە بێت کە مافەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی هەموار بکرێتەوە و بگۆڕدرێت لەمەی کە هەیە، لەم حاڵەتەدا هەرێمی کوردستان قبووڵی ناکات، چونکە سێ پارێزگا بۆی هەیە ئەم هەموارکردنەوەیە رەت بکاتەوە، هەروەها دەبێت ٣/٢ی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەو هەموارکردنەوەیە رازی بن، هەر بۆیە هەموارکردنەوەی دەستوور ئەگەر پێشێلی مافی کورد و کوردستانی تێدا بێت، بەهیچ شێوەیەك ناکرێت و سەرکەوتوو نابێت. سیستەمی سەرۆکایەتی پەراوێزی پێکهاتەی دیکە دەکات و هەموو کار و دەسەڵاتەکانیش لەژێر دەستی سەرۆك دەبێت، ئەمەش کار و هەنگاوێکی دیکتاتۆرییە و عێراق لەمبارەیەوە ئەزموونێکی تاڵ و ناخۆشی هەیە، وەکو سەردەمی سەدام حوسێن و حزبی بەعس دەبێت، لەلایەکی دیکەوە لە ئێستادا عێراق لەژێر چاودێریی نێودەوڵەتیدایە و رێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا هەیە و کوردستان هەرێمە و رەنگە بژاردەیەکی دیکە بۆ سوننەکان هەبێت، وەك هەرێمێك، لە کاتێکدا ئەگەر هەموارێکی دروست بۆ دەستوور نەکرا و بەو جۆرەی کە دەیانەوێت دەستکاری ماددە سەرەکییەکانی بکەن، ئەوە ئەستەمە ئەم هەموارکردنەوەیە سەربگرێت.

*** ئەگەر سەیر بکەین، هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بەرامبەر ئەم بارودۆخەی ئێستای عێراق، هەڵوێستێکی هێمن و لەسەرخۆیە، نە خۆی تێکەڵاوی خۆپیشاندەران کردووە و نە لە بەرامبەر حکومەتی عێراقیش هەڵوێستی وەرگرتووە، ئێوە هەڵوێستی ئێستای هەرێمی کوردستان بەرامبەر عێراق چۆن دەخوێننەوە؟، ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ دەرهاویشتەکانی ئەم بارودۆخەی عێراق بکات؟**

- هەرێمی کوردستان وەکو حکومەت لەگەڵ داواکاریی رەوای خۆپیشاندنایە، کە داوای خزمەتگوزاریی و دەرفەتی کار و خۆشگوزەرانی و دژایەتیکردنی گەندەڵی دەکەن، بەڵام لەگەڵ گۆڕینی حکومەت نەبووە، بۆچوونی منیش گۆڕینی حکومەت چارەسەر نییە، هاتنە پێشەوەی هەندێك داواکاریی وەکو گۆڕینی حوکم لە عێراق و هەموارکردنەوەی دەستوور دەریخست کە هەندێك داواکاری و ئامانجی سیاسییش لە پشت خۆپیشاندانەکانەوە هەیە، گۆڕینی حکومەت و لەدەستدانی دەسەڵاتی شەرعیی حکومەت لە جیهاندا کارێکی ئاساییە و بابەتێکی دیموکراسی و دەستوورییە، بەڵام حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا باش بووە و لە گفتوگۆ و هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولاشدا جددی بووە، ئێستا دەبێت بەپێی دەستوور حکومەتێکی دیکە دابمەزرێت و ئەو حکومەتەش دەبێت رۆڵی کورد و پێکهاتەکانی دیکە لەبەرچاو بگرێت. تێبینییەکانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و حکومەت لەسەر گۆڕینی عادل عەبدولمەهدی لە جێگای خۆیدا بووە، چونکە ئاساییە خەڵك داخوازیی هەبێت، بەڵام بەدیهێنانی داخوازییەکان بە یاسا و بە تەدریجی جێبەجێ دەکرێت، ئاستەمە هیچ حکومەتێك بتوانێت ئەم هەموو داواکارییە جێبەجێ بکات، بە رای من داواکارییە سیاسییەکان پەیوەندییان بە دەستتێوەردانی دەرەکییەوە هەیە، بەتایبەتی دەستتێوەردانی ئێران، هەرچەندە یەکێك لەداواکارییەکانی خۆپیشاندەران کەمکردنەوەی دەستتێوەردانەکانی ئێرانە لە ناو کاروباری

**هاتنە پێشەوەی هەندێک داواکاریی وەکو گۆڕینی حوکم لە عێراق و هەموارکردنەوەی دەستوور دەریخست کە هەندێک داواکاری و ئامانجی سیاسییش لە پشت خۆپیشاندانەکانەوە هەیە**

**حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا باش بووە و لە گفتوگۆ و هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولاشدا جددی بووە**

**دەبێت بەپێی دەستوور حکومەتێکی دیکە دابمەزرێت و ئەو حکومەتەش دەبێت رۆڵی کورد و پێکهاتەکانی دیکە لەبەرچاو بگرێت**

ناوخۆی عێراق، ئەمەش دیسانەوە داواکارییەکی ئاسان نییە، لە کۆتاییدا هەموو ئەو ئاڵۆزی و پشێوییەی کە لە بەغدا روو دەدات، کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت.

*** راستە خۆپیشاندانەکان هەڵگری دروشمی چاکسازین، بەڵام دەرئەنجام خۆپیشاندانێکی شیعەیە و داوای سەرۆک وەزیرانێکی نوێی شیعە دەکەن، ئایا داواکارییەکەیان مۆرکێکی تائیفیی وەرنەگرتووە؟**

- راستە خۆپیشاندانەکانی شیعە ململانێیەکی نێوان شیعە شیعەیە و عەرەبی سوننە بە هۆی شەڕی داعش و قاعیدە ماڵ وێران و دەربەدەر بووە و بەرپرسیارێتی ئەم حکومەتە یەك لە دوای یەکەی شیعە هەڵناگرن، بەڵام دەرئەنجام خۆپیشاندانەکان دژی مەزهەبگەراییە و دروشمەکانیان باسی نیشتمان و ئازادکردنی نیشتمان دەکات و دژی چەمکی مەزهەبگەراییە، دیارە عەرەبی شیعەش هاوشێوەی عەرەبی سوننە بۆیان دەرکەوتووە کە ئیسلامی سیاسیی شیعە شکستی هێناوە و بە گەندەڵی و خراپیی حوکمڕانی ناشیرین بووە، بە رای من ئەم مەسەلەیە تەنیا خۆپیشاندانێك نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی گەورەیە و دەیانەوێت ئەو حاڵەتە تێپەڕێنن کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستا دروست بووە، ئیتر سەرۆك وەزیران شیعە بێت، یان شیعە نەبێت، گرنگ ئەوەیە خۆپیشاندەران نایانەوێت لەم حزبانە و نوخبەی سیاسی بێت، تەنانەت داخوازییان لە یاسای هەڵبژاردنەکان ئەوەیە کە ئەوانەی لە ساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ئێستا لە سەرۆك وەزیرانەوە تاکو بەڕێوەبەری گشتی بوون، نابێت لە حکومەتدا رۆڵیان هەبێت، چونکە لە گەندەڵی تێوەگلاون.

*** راستە کە تا ئێستا پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا نەگەیشتۆتە حاڵەتی پاشاگەردانی، بەڵام ئەو واقیعەی خۆپیشاندەرانیش کە رۆژانە لە ناو بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق خەڵك دەکوژرێت، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەگەر بارودۆخەکە کۆنترۆڵ نەکرێت، لەوانەیە لەدەست دەربچێت و دۆخێکی نائاسایی بێتە ئاراوە، ئایا لە حاڵەتێکدا بارودۆخی عێراق بەرەو پاشاگەردانی بڕوات، ئەو ئۆپشنانە چین کە هەرێمی کوردستان پێویستە کاریان لەسەر بکات؟**

- سەرەتا دەبێت ئەو راستییە بزانین کە عێراق لەگەڵ ئەمریکا رێککەوتنێکی گرنگیان بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایش هەیە، ئەمریکا و هاوپەیمانانیش بە گرنگییەوە دەڕواننە دۆخەکە، لە کۆتاییەکانی هەفتەی رابردوودا بوو کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا باڵیۆزەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیای بانگهێشت کرد و پێی راگەیاندن کە ئەوان لێدوانیان هەیە و پاڵپشتی داواکاریی خۆپیشاندەرەکان دەکەن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم خۆپیشاندانانە بەو شێوەیە و بەو گەورەییە و بەو هەموو قوربانییە تەنیا بە رێکخستن و ئاراستەکردنێکی ناوخۆیی بەڕێوە ناچێت، بەڵکو لایەنێك لە پشتی ئەو پرۆژە گەورە سیاسییەن، خۆ ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو پشێوی و ئاڵۆزیی زیاتر بچێت، خۆ حکومەتی کاربەڕێکەر تەنیا ماوەی ٣٠ رۆژی لەبەردەستدایە تا حکومەتێکی نوێ دابمەزرێنێت، مەگەر سەرۆك وەزیرانی نوێ راسپێردرێت تا ٣٠ رۆژی دیکە حکومەتەکەی دابمەزرێنێت، سیناریۆیەکی دیکە هەیە کە سوپا دەستتێوەردان بکات و حکومەتێکی فریاکەوتنی نیشتمانی دابمەزرێنێت، لەم بارودۆخەشدا واتا سوپا حکومەتێکی سەربازی دروست دەکات، ئەمەش پێشینەیەکی خراپە، چونکە ئەمە پەکخستنی دەستوور و هەموو ئەو ماف و دەستکەوتانەیە کە نەتەوەو پێکهاتەکان لە دەستووردا هەیانە، لەم حاڵەتەدا عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە، خۆ ئەگەر ئەمریکا و هێزە نێودەوڵەتییەکان دەستتێوەردان بکەن و پرۆژەیەکی سیاسییان هەبێت بۆ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکی نوێ بۆ ئەو پرۆسە سیاسییەی کە لەساڵی ٢٠٠٣وە هەیە و عێراق بەرەو فیدراڵییەتێکی تەواوی کورد و عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە ببەن، ئەمەش لەئارادایە، بەتایبەتی ئەو دروشمانەی لەناو خۆپیشاندەرەکاندا باس لە عێراقێکی بەهێز دەکات، هەمان قسەکانی ئەمریکایە کە دەڵێن ئێمە عێراقێکی بەهێز و هەرێمێکی بەهێزمان دەوێت، لەلایەکی دیکەوە رەنگە ئەمریکا و رۆژئاوا ئەو بوارەیان نەبێت و دۆخەکە بگاتە پشێوی و نائارامییەك کە نەتوانن چارەسەری سیاسی بۆ دۆخەکە بدۆزنەوە، هەروەکو ئەوەی مەرجەعییەتیش داوای دەکات.

**عەرەبی شیعەش هاوشێوەی عەرەبی سوننە بۆیان دەرکەوتووە کە ئیسلامی سیاسیی شیعە شکستی هێناوە و بە گەندەڵی و خراپیی حوکمڕانی ناشیرین بووە**

**ئەم خۆپیشاندانانە بەو شێوەیە و بەو گەورەییە و بەو هەموو قوربانییە تەنیا بە رێکخستن و ئاراستەکردنێکی ناوخۆیی بەڕێوە ناچێت، بەڵکو لایەنێک لە پشتی ئەو پرۆژە گەورە سیاسییەن**

**سیناریۆیەکی دیکە هەیە کە سوپا دەستتێوەردان بکات و حکومەتێکی فریاکەوتنی نیشتمانی دابمەزرێنێت، ئەمەش پێشینەیەکی خراپی هەیە و پەکخستنی دەستوور و هەموو ئەو ماف و دەستکەوتانەیە کە نەتەوەو پێکهاتەکان لە دەستووردا هەیانە**

# دیمانەی تایبەت



مایكڵ وەحید حەننا توێژەری باڵایە لە سەنتەری (Century Foundation) كە لە بارەی دیموكراسی و حكومەتی كارا و بازاڕی ئازادەوە بایەخ بە توێژینەوە دەدات، هەروەها توێژەری باڵایە لە سەنتەری ریس كە تایبەتە بە پرسەكانی پەیوەست بە یاسا و ئاسایشەوە و سەر بە سكوولی یاسای زانكۆی نیویۆركە. هەروەها توێژەری چەند بوارێكی گرنگە وەك (ئاسایشی نێودەوڵەتی، یاسای نێودەوڵەتی، سیاسەتی ئەمریكا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست). لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكاش خاوەنی چەندین وتارە لە رۆژنامەكانی وەك نیویۆرك تایمز، واشنتۆن پۆست و فاینانشاڵ تایمز و لۆس ئەنجلوس تایمز. پێشتر وەك راوێژكاری مافەكانی مرۆڤ لە بەغدا كاری كردووە، هەروەها ئەندامی ئەنستیتویتی نێودەوڵەتییە بۆ دیراساتی ستراتیژی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێ كرد، كە پەیوەست بوون بە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاكام و لێكەوتەكانی ئەم سیاسەتە لە سەر بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا و رەوشی ناوچەكە بە گشتی و خۆپیشاندانان و نارەزایەتییەكانی ئەم دواییە و ئەو ئەگەرانەی چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەكرێت لەم خۆپیشاندانانە بكەونەوە.

مایكڵ وەحید حەننا

تایبەتمەندی سیاسەتی ئەمریكا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشێوی باڵی بەسەر سیاسەتی ئەمریكادا كێشاوە

*** هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ چۆنە بەتایبەتی لە پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانەی لە ئێستادا لەم ناوچەیەدا ڕوودەدەن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی ئاشكرایە ئەوەیە كە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ نەك هەر تەنیا پشێوی و بێسەروبەری باڵی بەسەردا كێشاوە، بەڵكو هەر كەسێكیش نەك تەنیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بگرە لە نێو خودی حكومەتی ئەمریكاشدا لەم سیاسەتە بڕوانێت و لێی ووردبێتەوە، ئەوا ناتوانێت ڕوئیایەكی ڕوونی لێ بەدەست بهێنێت. بە دەربڕینێكی دیكە دەتوانین بڵێین ئیدارەی سەرۆك ترەمپ چوارچێوەیەكی دیاریكراوی نییە بۆ داڕشتن و جێبەجێكردنی سیاسەتەكانی، بە چەشنێك سیاسەتەكانی سەرۆك ترەمپ بریتین لە بڕیاری دوا ساتەوەختەكان و ئەوەی بەدی دەكرێت ئەوەیە كە بە زۆری لە ڕێی تویتەوە رادەگەیەندرێن. كەواتە هێڵێكی دیار و جێگیر لە سیاسەتەكانی بەدی ناكرێت. كەواتە ئەمە نە پرۆسەیەكی ئاسایی سیاسەتكردنە و نە مایەی دڵنیاییشە. بۆ نموونە: ئەگەر ئێمە لە حاڵەتی سووریا بڕوانین، ئەوا ئاشكرایە كە بڕیاری پاشەكشە دەرچوو، پاشان ئەوەی دواتر رووی دا، ئەوەیە كە سەرجەم هێزەكان نەكێشرانەوە، كە ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی هاوپەیمانەكانی ئەمریكا بە گومانەوە لەو وڵاتە بڕوانن، هەروەها دەتوانین ئاماژە بە لێدوانە سەیرو سەمەرەكان بكەین لە بارەی كێڵگە نەوتییەكانی وڵاتی سووریاوە لەلایەن سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە، كە ئەم لێدوانانە هیچ بناغە و پاساوێكی یاساییان نییە. ئەمە بە شێوەیەكی گشتی هەڵسەنگاندنی منە بۆ دۆخەكە و بۆ سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا.

**سیاسەتەكانی سەرۆك ترەمپ بریتین لە بڕیاری دوا ساتەوەختەكان و ئەوەی بەدی دەكرێت ئەوەیە كە بە زۆری لە ڕێی تویتەوە رادەگەیەندرێن**

*** ئێوە ئاماژە بە نەبوونی سیاسەتێکی جێگیر دەکەن کە رەهەند و رواڵەتەکانی دیار بن و، باس لەوە دەکەن کە لە دوا ساتەوەختدا بڕیار دەدرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەمە حاڵەتەکە بێت، ئایا ئاکامە زیانبەخشەکانی ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی ئیدارەی ترەمپ لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا، هەم لەسەر بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەم لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە چین؟**

- لە بنەڕەتدا ئەمە دەبێتە هۆی لاوازکردن و لەناوبردنی متمانە و میسداقییەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە چەشنێك ئەگەر بێت و ئیدارەیەکی نوێ لە ئەمریکا دەستبەکار بێت و دەسەڵات بگرێتەدەست، ئەوا دەبێت کار لەسەر باشترکردن و راستکردنەوەی ئەم دۆخە بکات و دەست بداتە چاککردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ئەم ناوچەیە و دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانەکانی. بەڵام ئەگەر دووبارە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێتەوە، ئەوا چوار ساڵی دیکەی ئەم چەشنە مامەڵەکردنە درێژەی پێ دەدرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی زیانگەیاندنێکی گەورە بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** باس لەوە دەکرێت کە لە ئێستادا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژی و درێژخایەنەکانی ئەمریکا گرنگییەکی کەمتری هەیە و ئەمەش رەنگدانەوەی هەبووە و لەسەر خواستی ئیدارەی ترەمپ بۆ دوورکەوتنەوە لەم ناوچەیە و تێوەنەگلان لەوەی ترەمپ پێی دەڵێت شەڕە بێکۆتاییەکان، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من بۆچوونێکی پێچەوانەم هەیە و پێم وایە ئیدارەی ئەمریکا زیاد لە پێویست خۆی سەرقاڵ کردووە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و بە رادەیەکی گەورە پشت بە هێزی سەربازی دەبەستێت، واتە سەرەڕای ئەوەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ رایدەگەیەنێت و باسی لێوە دەکات، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە لەوەتەی ترەمپ دەسەڵاتی گرتۆتە ئەستۆ ژمارەی سەربازە ئەمریکییەکان لەم ناوچەیەدا زیادی کردووە، نەك کەمی کردبێت. کەواتە سەرەتا دەبێت ئەوە یەکلا بکەینەوە کە ئەمریکا سەرقاڵە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، دواتر ئەگەر باس لەوە بکرێت کە پێویستە ئەمریکا پابەندبوونەکانی خۆی بەم ناوچەیەوە کەم بکاتەوە، ئەوا دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین کە پێویستە چۆن ئەم کارە ئەنجام بدرێت؟ چونکە بۆی هەیە کشانەوەی ئەمریکا لەم ناوچەیە پشێوی لێ بکەوێتەوە و بە رادەیەکی گەورە ناسەقامگیری بەدوای خۆیدا بهێنێت. بۆ نموونە: ئێمە دەزانین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەیدەتوانی بۆ هەتا هەتایە لە سووریا بمێنێتەوە و بە بێ پاساوێکی یاسایی یەك لەسەر سێی خاکی ئەو وڵاتە داگیر بکات، بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکشێیتەوە و پابەندبوونەکانت کەم دەکەیتەوە و چۆن ئەو ناوچەیە بەجێ دەهێڵێت، کە پێم وایە لەم رووەوە ئیدارەی ئەمریکا ئەدایەکی زۆر خراپی هەیە. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی ئەمریکا لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا دەبێتە هۆی زیانگەیاندن و لاوازکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا.

*** خاڵێکی دیکە لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بریتییە لە پەنابردن بۆ سزا و فشارە ئابوورییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە، کە تەنانەت ئەم سزا ئابوورییانە لە دژی هاوپەیمانەکانیشی بەکار دەهێنێت، تێڕوانینی ئێوە بۆ کارایی ئەم جۆرە ستراتیژیەتە چییە؟**

- ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە پرسی سەپاندنی سزا، یان بەکارهێنانی سزا ئابوورییەکان وەك ئامرازێکی فشار لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا ئەم پرسە بۆ پێش سەروەختی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا جیاوازە ئەوەیە کە پێگەی دۆلار و پێگەی ئەمریکا لە بواری بازرگانیی نێودەوڵەتیدا بە چەشنێکە کە بۆتە هۆی ئەوەی دەستڕۆیشتوویییەکی زۆر بەدەست بهێنێت، چونکە ئەمریکا دەتوانێت ئەم پێگەیە بۆ سەپاندنی سزای ئابووری بەکار بهێنێت. لەلایەکی دیکەوە ئەم ئیدارەیە ئەم دەستڕۆیشتووییەی خراپ بەکارهێناوە، یان کەڵکی خراپی لێ وەرگرتووە،

**ئەگەر دووبارە سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێتەوە، ئەوا چوار ساڵی دیکەی ئەم چەشنە مامەڵەکردنە درێژەی پێ دەدرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی زیانگەیاندنێکی گەورە بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**لەوەتەی ترەمپ دەسەڵاتی گرتۆتە ئەستۆ ژمارەی سەربازە ئەمریکییەکان لەم ناوچەیەدا زیادی کردووە، نەک کەمی کردبێت**

**پێگەی ئەمریکا لە بواری بازرگانیی نێودەوڵەتیدا بە چەشنێکە کە بۆتە هۆی ئەوەی دەستڕۆیشتوویییەکی زۆر بەدەست بهێنێت، ئەمریکاش دەتوانێت ئەم پێگەیە بۆ سەپاندنی سزای ئابووری بەکار بهێنێت**

**لە ئێستادا نەک رکابەر و دوژمنەکانی ئەمریکا، بەڵکو هاوپەیمانەکانیشی هەوڵدەدەن لە دەرەوەی سیستمی دارایی و بازاڕی دارایی ئەمریکا کار بکەن**



بە چەشنێك ئەم خراپ بەكارهێنانە بۆتە هۆی ئەوەی كاردانەوەی لێ بكەوێتەوە، كە لە ئێستادا نەك ركابەر و دوژمنەكانی ئەمریكا، بەڵكو هاوپەیمانەكانیشی هەوڵدەدەن لە دەرەوەی سیستمی دارایی و بازاڕی دارایی ئەمریكا كار بكەن، كەواتە خراپ بەكارهێنانی ئەم پێگەیەی ئەمریكا لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە لە مەودای دووردا زیان بە بەرژەوەندییەكانی ئەو وڵاتە دەگەیەنێت.

*** ئێوە كەسێكی شارەزای كاروبارەكانی ئەم ناوچەیەن، ئایا چۆن لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینەكانی ئەم دواییەی چەند وڵاتێكی ئەم ناوچەیە دەڕوانن و بە باوەڕی ئێوە هۆكار و پاڵنەرە سەرەكییەكانی چین؟**

- ئێمە دەزانین هەمان ئەو هۆكارانەی كە لە سەرەوەختی بەهاری عەرەبیدا لە ساڵانی (٢٠١٠بۆ٢٠١٣) لە ئارادابوون و بوونە هۆی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی خەڵك، لە ئێستاشدا بوونیان هەیە و چارەسەر نەكراون، واتە حوكمڕانییەكی خراپ دەكرێت لەم ناوچەیەدا هەم لە ڕووی ئابووری و هەم لە ڕووی سیاسییەوە، ئەگەر وردتر ئاماژەی پێ بكەین، ئەوا دەبینین كەلێن و كەلەبەرێكی گەورەی حوكمڕانی لە ئارادایە، بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین ئەو گرێبەستە كۆمەڵایەتییەی لە ئارادا بوو لە ئێستادا هەڵوەشێندراوەتەوە، ئیدی ئەمە لە وڵاتی میسردا بێت، یان لە عێراق، واتە ڕاستە هەر خۆپیشاندان و بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاوازی خۆی هەیە، بەڵام لە هەمان كاتدا چەند خاڵێكی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، بە تایبەتی پرسی حوكمڕانی.

*** ئەی پێشبینیتان بۆ دەرئەنجامی ئەم خۆپیشاندانانە چییە؟ ئایا پێتان وایە لە كۆتاییدا ببنە هۆی ئەوەی سیستمی حوكمڕانی بە چەشنێك دابڕێژرێنەوە و چاكسازییان تێدا بكرێت، كە مایەی ڕەزامەندی بن؟**

- من ئومێدم دەكرد ئەمە حاڵەتەكە بووایە، بەڵام ئەو دۆخەی تا ڕادەیەك ئەم ئەگەرەی لێ بەدی دەكرێت، وڵاتی سوودانە، كە سەرەڕای فشار و دابەشبوونەكان توانییان دەست بكەن بە پرۆسەیەكی سیاسی ئینتقالی، ئەگەرچی تا ئێستا ڕوون نییە، ئایا بە ئاراستەیەكی ئیجابیدا دەڕوات، یان نا، بەڵام ئەوەی لە عێراق و لوبنان بەدی دەكرێت، ئەوەیە كە سیستمە سیاسییەكە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە سازش بكات و چاكسازی ئەنجام بدات، تەنانەت ئەگەر چاكسازییەكی بە ڕواڵەتیش بێت، كە لە دەرئەنجامدا زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی و سەركوتكاریمان بینی. بە شێوەیەكی گشتی پێناچێت خۆپیشاندانەكان دەرئەنجامێكی سیاسیی ئیجابییان لێ بكەوێتەوە.

**ئەوەی لە عێراق و لوبنان بەدی دەكرێت، ئەوەیە كە سیستمە سیاسییەكە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە سازش بكات و چاكسازی ئەنجام بدات، تەنانەت ئەگەر چاكسازییەكی بە ڕواڵەتیش بێت**

زاکری لۆکمان

پرۆفیسۆری مێژوو و دیراساتی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی نیویۆرک بۆ گوڵان:

# سیاسەتی ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مایەی کارەسات بووە

زاکری لۆکمان پرۆفیسۆری مێژوو و دیراساتی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی نیویۆرك و توێژەر و وانەبێژی چەند بابەتێکی گرنگە وەك مێژووی هاوچەرخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێشتریش بەڕێوەبەری کۆمەڵەی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، بەتایبەتی کە گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری لەبارەوە دەکرێت، هەروەها کاریگەری، یان ئاکامەکانی سیاسەتی ئەمریکا وەك گەورەترین هێزی باڵادەست و دەستڕۆیشتوو لەم ناوچەیەدا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## دیمانەی تایبەت



*** هەروەك ئاشكرایە قسەكردن لە بارەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ مشتومڕێكی زۆر هەڵدەگرێت، ئێمە دەمانەوێت بە دیاریكراوی پرسیار لەبارەی سیاسەتی ئەم ئیدارەیە بكەین لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەك شارەزایەك هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم سیاسەتە چییە؟**

- لە راستیدا سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مایەی كارەسات بووە، بەتایبەتی بۆ خەڵكی سووریا و بەتایبەتتر بۆ كەمینەی كوردی سووریا، كە ئێمە دەزانین سەرۆك ترەمپ -رەنگە نەتوانین بڵێین كۆشكی سپی، چونكە پێناچێت ترەمپ راوێژ بە كەس بكات- بڕیاری دا كە رێگە بە توركیا بدات بەشێك لە خاكی سووریا داگیر بكات و ئەوەی پەیوەستە بە رۆژئاوا كە پێشتری لەژێر دەسەڵاتی هێزە كوردییەكان و هێزە دیموكراتییەكان و هاوپەیمانەكانیاندا بوو. واتە ئەم بڕیارە و ئەم پەرەسەندنانەی بەدوای خۆیدا هێنا، مایەی كارەساتێكی مرۆیی بوون، بەتایبەتی كە ژمارەیەكی زۆری ئاوارە و پەنابەریان لێكەوتەوە لەسەر دەستی سوپای توركیا و هێزە بەكرێگیراوەكانی. لە هەمان كاتدا گوزرێك بوو لە دیموكراسی و لەوەی لە رۆژئاوادا لە ئارادا بوو، كە یەكێكە لەو ئومێدە كەمانەی لە ناوچەكەدا هەبوو.

*** لە ئێستادا باس لەوە دەكرێت كە داعش دووبارە سەرقاڵی خۆكۆكردنەوە و خۆڕێكخستنەوەیە كە ئاشكرایە كەم تا زۆر دەستی بە چالاكی كردۆتەوە، پێت وایە ئەم**

**پێم وانییە ترەمپ مەبەستی ئەوەبێت كە چیتر ئەمریكا وەك هێزێكی باڵادەست لەم ناوچەیە نەمێنێتەوە، ئێستا ئەمریكا ئەو هێزەیە لە ناوچەی كەنداوی فارسدا و هاوپەیمانێتییەكی نزیكی لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات هەیە**

**لەم ساڵانەی دواییدا تەوژمێکی گەورەی سەرکوتکاری لە تورکیا دروست بووە لە دژی مامۆستایان و رۆشنبیران و چین و توێژەکانی دیکە و لەم رووەوە بە هەزاران کەس دادگایی کران و لە کارەکانیان دوورخرانەوە**

**لە ئێستادا تورکیا هەڵوێست و سیاسەتێکی سەختتری لە ئاست کێشەی کورددا لە تورکیا و لە سووریاش گرتۆتەبەر بە پێچەوانەی سەرەتای گرتنەدەستی حوکمڕانییەوە لەلایەن پارتەکەی ئەردۆغانەوە**

**رێگەدان بە تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە دەستێوەردانانە لە سووریا دەبێتە هۆی ئەوەی جێبەجێکردنی ئەرکەکان هێندەی دیکە سەخت بێت**

**چارەسەر و رێگاچارەیەکی سەربازی بۆ کێشەی کورد لە ئارادا نییە، ئیدی لە عێراق بێت، یان سووریا، یان تورکیا، بەڵکو لە روی سیاسییەوە ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت، واتە ئەم کێشانە بەوە یەکلا دەبێتەوە کە رێز لە مافی کورد و کەمینەکانی دیکە بگیرێت**

**پەرەسەندنانەی ئەم دواییە تا چەند زەمینەی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش دروست دەکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم پەرەسەندنانە بەربەست و ئاستەنگ دروست دەکەن بۆ هەوڵەکانی کۆتاییهێنان بە داعش کە راستە لە ئێستادا وەك دەوڵەت بوونی نەماوە، بەڵام وەك گروپ و رێکخراوێکی یاخیگەری بەردەوامە. کەواتە ئێمە ئەگەر لە دۆخ و رەوشی ئەو ناوچە سنوورییانە بڕوانین کە تورکیا دەستتێوەردانی تێدا کردوون و ئەو هەولانە لەبەرچاو بگرین کە دەدرێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەی داعشدا، ئەوا ئەمە پەرەسەندنێکی نەرێنییە کە هاتۆتەئاراوە. هەرچۆنێك بێت، ئێمە نازانین سیاسەت و بڕیارەکانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ چی دەبن، چونکە وا پێدەچێت بڕیارەکانی بەند بن بەوەی لەو کاتەدا چ هەستێك زاڵە بەسەریدا، مەبەستم ئەوەیە پێناچێت کە پرس و راوێژ لەگەڵ کەسدا بگۆڕێتەوە. هەرچەندە ئەو تا رادەیەك پاشەکشەیەکی کرد لە بڕیارەکەی، لەبەر ئەوەی وا دەردەکەوێت کە وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوە ئاماژەیان بەوە کردبێت کە ئەمە بڕیارێکی ژیرانە نەبوو، ئەوە بوو کە هێزی سەربازیی ئەمریکا زیاتر رەوانەی ناوچەکە کرا و بە لای کەمەوە بەڵێنی ئەوە درا کە شەڕی دژ بە داعش درێژەی دەبێت. هەرچۆنێك بێت ئەمە پەرەسەندنێکی مەترسیدار بوو، ئیدی هۆکارەکەی هەرچییەك بێت، ئایا نەزانیی ترەمپ بوو، یان ئەو بە ئەنقەست و تەنیا بۆ زیانگەیاندن ئەم بڕیارەی دا، یان ئەوەتا بە ئەردۆغان سەرسام بوو- کە ئێمە ناتوانین ئەمە یەکلابکەینەوە-، ئەوا ئەمە پێشهاتێکی خراپ بوو بۆ خەڵکی سووریا و بۆ عێراقیش.

*** ئەگەر ئەمە هەڵسەنگاندنی ئێوە بێت بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، ئایا پێتان وانییە لە مەودای دووردا خودی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا زیانیان پێ دەگات و لە هەمان کاتدا ناوچەکەش بەرەو کێشە و ململانێی زیاتر پەلکێش دەبێت؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە کاریگەرییەکەی ئەوەیە کە ناسەقامگیری زیاتری لێ دەکەوێتەوە لەم ناوچەیەدا، چونکە ئێمە دەزانین کە چارەسەر و رێگاچارەیەکی سەربازی بۆ کێشەی کورد لە ئارادا نییە، ئیدی لە عێراق بێت، یان سووریا، یان تورکیا، بەڵکو لە روی سیاسییەوە ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت، واتە ئەم کێشانە بەوە یەکلا دەبێتەوە کە رێز لە مافی کورد و کەمینەکانی دیکە بگیرێت و دەوڵەتێکی دیموکراتی دروست بکرێت کە سەرجەم پێکهاتەکان بەشدار بن و لە زۆر رووەوە خۆبەڕێوبەرییان هەبێت.

*** واتە ئێوە پێتان وایە دەبوو کار و کۆششی زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی لە رووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە کێشەکانی سووریا چارەسەر بکرێن بە کێشەی کوردیشەوە؟**

- بەڵێ، دواتر مەبەستەکەی من ئەوە بوو کە رێگەدان بە تورکیا بۆ ئەنجامدانی دەستتێوەردانی سەربازی- هەرچەندە ئەمە یەکەمجار نەبوو تورکیا دەستتێوەردان بکات- لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە دەکرێت لە رووی سەربازییەوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە لە مەودای دووردا تەرکیز لەسەر کێشە بنەڕەتییەکان ناکرێت، کە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان بریتییە لە چۆنیەتی کۆتاییهێنان بە داعش بە یەکجاری، هەروەها مەسەلە بەرفراوانترەکە بریتییە لە دووبارە بونیادنانەوەی سووریا، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو وڵاتە لە رووی مرۆیی و ژێرخانەوە دووچاری تێکشکانێکی گەورە بوو، بە ئومێدی ئەوەی بتوانرێت بەرەوپێشچوون بەدی بێت بەرەو گرتنەبەری سیستمێکی دیموکراتی، بە چەشنێك کە پێگەی موعارەزەکانی بەشار ئەل ئەسەد لەبەرچاو بگیرێت و دووبارە وڵاتەکە یەکبخرێتەوە، هەرچەندە ئەمە ئەرکێکی تا دوا رادە سەختە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بە ملیۆنان کەس ئاوارە و پەنابەر بوون و سەرجەم پێکهاتەکانی سووریا دوچاری کارەسات بوونەتەوە، کە پێم وایە رێگەدان بە تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە دەستتێوەردانانە لە سووریا دەبێتەهۆی ئەوەی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە هێندەی دیکە سەخت بێت.

*** باشە ئەگەر پێت وایە لە ئێستادا دۆخەکە بە چەشنێکە کە لە بەرژەوەندیی پێکهاتەکانی سووریا نییە، ئایا کێ براوەی ئەم دۆخ و پەرەسەندنە نوێیانەیە کە لەو وڵاتەدا هاتوونەتەئاراوە؟**



- بە دڵنیاییەوە ئێمە دەتوانین بڵێین تورکیا و خودی ئەرۆدغان سوودمەندی سەرەکین، کە ئێمە دەزانین ئەرۆدغان سیاسەتێکی توند دەگرێتەبەر، کە لە سەرەتادا پشتیوانی لەم راپەرینە کرد کە لە دژی حکومەتەکەی بەشار ئەل ئەسەد سەریهەڵدا، کە دەزانین دەرئەنجامێکی باشی لێنەکەوتەوە. هەروەها لە ئێستادا تورکیا هەڵوێست و سیاسەتێکی سەختتری لە ئاست کێشەی کورددا- لە تورکیا و هەروەها لە سووریاش- گرتۆتەبەر بە پێچەوانەی سەرەتای گرتنەدەستی حوکمڕانییەوە لەلایەن پارتەکەی ئەردۆغانەوە. واتە ئێستا دۆخەکە بە چەشنێکە کە تورکیا نایەوێت خۆبەڕێوەبەرییەکی کوردی تەنانەت لە سووریاش دروست بێت. لەم رووەوە دەیەوێت هێزی سەربازی خۆی بەکار بهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی لانیکەمی بەشێکی خاکی سووریا. هەرچەندە دەبێت لەم رووەوە ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەمە تێڕوانینی سەرجەم خەڵکی تورکیا نییە، هەرچۆنێك بێت لەم ساڵانەی دواییدا تەوژمێکی گەورەی سەرکوتکاری لە تورکیا دروست بووە لە دژی مامۆستایان و رۆشنبیران و چین و توێژەکانی دیکە و لەم رووەوە بە هەزاران کەس دادگایی کران و لە کارەکانیان دوورخرانەوە و ناچارکران وڵات جێبهێڵن، کە بەشێکی هۆکارەکەش ئەوە بوو کە ئەوان پشتیوانییان لە ئەنجامدانی گفتوگۆ دەکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمینەی کوردی وڵاتەکە، لە بەشێکیشدا لە بەر ئەوەی بەرهەڵستی سیاسەتە توند و دژوارەکەی حکومەتی ئەردۆغانیان دەکرد.

*** بەڵام هەمیشە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ باس لەوە دەکات کە دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی دووربخاتەوە لە شەڕە بێکۆتاییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەبێت چارەسەری کێشەکان بۆ خودی وڵاتانی ناوچەکە بە جێ بهێڵدرێت، تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ئەمە بیرۆکەیەکی باش و ئەرێنییە بە مەرجێکی بە شێوەیەکی گونجاو جێبەجێ بکرێت، چونکە ئێمە دەزانین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزە باڵادەستەکەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، کاتێك دەسترۆیشتوویی فەڕەنسا و بەریتانیا بەرەو پاشەکشە و داکشان چوو. بەڵام من پێم وانییە ترەمپ مەبەستی ئەوەبێت کە چیتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك هێزێکی باڵادەست لەم ناوچەیە نەمێنێتەوە، چونکە ئێستا ئەمریکا ئەو هێزەیە لە ناوچەی کەنداوی فارسدا و هاوپەیمانێتییەکی نزیکی لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات هەیە، هەروەها پشتیوانی سعودیە دەکات لەو دەستتێوەردانە سەربازییە کردوویەتی لە شەڕی ناوخۆیی یەمەندا. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زۆر رووەوە لە دۆخی عێراقەوە تێوەگلاوە.

**ئێمە ئەگەر لە دۆخ و رەوشی ئەو ناوچە سنوورییانە بڕوانین کە تورکیا دەستێوەردانی تێدا کردوون و ئەو هەوڵانە لەبەرچاو بگرین کە دەدرێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەی داعشدا، پەرەسەندنێکی نەرێنی دەبینین**



## دکتۆر سەرهەنگ جەلال جامباز

بەڕێوەبەری پاراستنی تەندروستیی هەولێر بۆ گوڵان:

# کار و ئەرکەکانمان لە بەرپێگرتن بە نەخۆشیدا چڕ دەبێتەوە

**زۆرجار وتراوە کە خۆپاراستن و بەرگرتن و پێشگرتن بە نەخۆشی لە چارەسەرکردنی نەخۆشی گرنگترە، بەتایبەتی کە دەبێتە هۆی ئەوەی کات و خەرجییەکی کەمتر بۆ چارەسەرکردن تەرخان بکرێت، ئەم پرسە بووە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ دکتۆر سەرهەنگ جەلال جامباز بەڕێوەبەری پاراستنی تەندروستیی هەولێر و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** کار و ئەرکەکانی ئێوە وەك بەڕێوەبەرایەتیی پاراستنی تەندروستی، زیاتر لە چیدا چڕ دەبێتەوە؟**

- ئەم بەڕێوەبەرایەتییە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی هەولێرە، چونکە لە بنەڕەتدا تەندروستی دوو بەشە، یەکەمیان پەیوەستە بە دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشی، دووەمیان پەیوەندیدارە بە پاراستنی تەندروستی، کە بە شێوەیەکی گشتی پاراستنی هاووڵاتیان دەگرێتەوە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەرکی ئێمە بەرپێگرتن و پێشگرتنە لە نەخۆشی، ئیدی بە هۆی خواردن و خواردنەوە بێت، یان بە هۆی گواستنەوەی نەخۆشییەوە بێت لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە. چاودێریی تەندروستیش بەشێکە لە پاراستنی تەندروستی و کارەکەی بریتییە لە چاودێریکردنی ئەو شوێنانەی خواردن و خواردنەوەیان لێ پێشکەش دەکرێت، لەگەڵ ئەو کارگانەی خواردن و خواردنەوەیان لێ دروست دەکرێت. دواتر ئەم چاودێرییە هەموو سنووری هەولێر دەگرێتەوە بە سەرجەم قەزا و ناحیەکانەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستە ئێمە ژمارەیەك تیمسان هەیە کە کاریان چاودێریان تەندروستییە، بۆ نموونە لە ناو هەولێر ١٤ تیمسان هەیە کە بەسەر پانتایی جوگرافی هەولێردا دابەش کراون و بۆ هەر سنوورێکی شارەوانی چەند تیمێکمان بۆ تەرخان کردووە بۆ ئەوەی سنوورەکان دیار بن و هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ شارەوانیش. و ئەم تیمانە هەموو ئەو شوێنانە بەسەردەکەنەوە کە خواردن و خواردنەوەیان لێ دەفرۆشرێت یان دروست دەکرێت و بە شێوەیەکی رۆژانە دەردەچن بۆ دڵنیابوون لە پاکوخاوێنی ئەو شوێنانە و بۆ ئەوەی رێنمایی تەندروستییان بدەنێ. ئەو شوێنانەی پابەند نابن بە رێنماییەکانەوە سزایان دەدەین و ئەگەر ئەمەش ئەنجامی نەبوو، ئەوا ناچار دەبین ئەو شوێنە دابخەین تا ئەو کاتەی رێنماییەکە جێبەجێ دەکەن. هاوکات تیمێکی تایبەتمان هەیە بۆ بەدواداچوون و چاودێریی کارگەکانی خواردن و خواردنەوەکان کە خشتەیەکی تایبەت بۆ سەردانکردنی کارگەکان دانراوە، بەپێی ئەو خشتەیە تیمەکە کارەکانی ئەنجام دەدات و لەهەر کارگەیەك تاقیگە هەیە و نموونەی بەرهەمەکان وەردەگیرێت و دەپشکێندرێت. تێمێکی دیکەمان هەیە کە نموونەی بەرهەمەکان لە کارگەکان و مارکێت و کۆگاکان و شوێنی هەڵگرتنی خواردن و خواردنەوەکان وەردەگرن و پشکنینیان بۆ دەکەن، تاوەکو دڵنیابن لە سەلامەتیی کاڵا و بەرهەمی خواردن و خواردنەوەکان کە چەند شیاون بۆ خواردن و خواردنەوە و تا چەند رێنماییەکانی پاراستنی تەندروستی تێیاندا رەچاو کراوە و لە کاتی هەر کەموکوڕییەکدا کاردانەوەیان بەرامبەر دەکرێت، بەتایبەتی لەکاتی بەسەرچوونی کاڵاکان یان خواردن و خواردنەوەکان کە بەپێی تایبەتمەندی عێراقی نەبێت، ئەوە ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵ دەکرێت. لێرەدا وەك نموونە داتا و زانیاریی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ لە کارو ئیشەکانی تیمەکانی چاودێریی تەندروستی دەخەینەڕوو کە بەم شێوەیە بووە. تیمەکانی چاودێریی تەندروستی (١٢١١٦) سەردانی شوێنەکانیان کردووە لە سنووری پارێزگا و (٣٨٨٨) نموونە لە کاڵا و بەرهەم و خواردن و خواردنەوەکان وەرگیراوە بۆ پشکنین، کە لەم ژمارەیە (٢٣٦) کاڵا نەشیاو بوون و لەناوبراون و (٧٧) شوێن لەبەر ئەوەی رێنمایی تەندروستییان جێبەجێ نەکردووە، داخراون و نزیکەی ٢٣ تەن و ٨٠٣ کیلۆ خۆراك لەناوبراوە، ژمارەیەك شوێنیش سزادراون بە بەبڕی نزیکەی ١٥ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار دینار و ٢٣٣ تەن خواردن و خواردنەوەش گێردراونەتەوە بۆ ئێران.

**لە ناو هەولێر ١٤ تیممان هەیە کە بە سەر پانتایی جوگرافیی هەولێردا دابەش کراون و ئەم تیمانە هەموو ئەو شوێنانە بەسەردەکەنەوە کە خواردن و خواردنەوەیان لێ دەفرۆشرێت، یان دروست دەکرێت.**

*** کار و ئەرکێکی گرنگی دیکەی ئێوە بریتییە لە دەستەبەرکردن، یان دڵنیابوون لە کوالیتیی ئاو، لەم رووەوە کارەکانتان چۆن ئەنجام دەدەن؟**

- وەك بەڕێوەبەرایەتیی پاراستنی تەندروستیی هەولێر بەرپرسین لە باشی و کوالیتیی ئاو، ئێمە ئاو دابین ناکەین، بەڵام ئێمە بەرپرسین لە چاودێریکردنی کوالیتی ئاو و بۆ ئەم مەبەستە هۆبەیەکمان لە بەڕێوەبەرایەتیی پاراستنی تەندروستی هەیە بە ناوی هۆبەی ئاو و ئەم هۆبەیە لەناو شاری هەولێر و قەزا و ناحیەکانیش تیمی هەیە و بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو رۆژانە سەردانی سەرچاوەی ئاوەکان وەك ئیفراز و بیری ئاوی کۆڵان و گەڕەکەکان دەکەن و نموونەیان لێ وەردەگرن و لە بۆڕی ناو ماڵان و ئەو شوێنانەی بۆڕی لێ بشکێت، نموونە وەردەگیرێت بۆ پشکنین و دڵنیابوون لە کوالیتی و شیاویی ئاوەکە بۆ خواردنەوە، ئەم کارە لە هەموو ناو شار و سنووری پارێزگای هەولێر هەر لە حاجی ئۆمەران تا دەگاتە چۆمان و سۆران و بارزان و کۆیە و خەبات رۆژانە ئەنجام دەدرێت، تاوەکو بزانرێت رێژەی کلۆری تەواوە و رەچاوی پاکوخاوێنیی ئاوەکە و شوێنەکان هەر سەرچاوەیەکی ئاوبێت، دەکرێت و دەبێت ئاوەکە بە ستانداردی WHO و عێراقی بێت.

*** ئایا بۆ نەخۆشییە گوازراوەکان کە زۆر مەترسی لە ژیانی مرۆڤ هەیە، چ رێکارەکی تەندروستی لە هەولێر و سنووری پارێزگاکەوە دەگرنەبەر؟**

- بۆ نەخۆشییە گوازراوەکان بەشێکی زۆر گرنگ هەیە کە بەسەر چەند هۆبەیەك دابەش کراوە، وەك هۆبەی (پەتاگەری، نەخۆشییەکانی سینگ و هەناسە، نەخۆشییەکانی ریخۆڵە و بەلهاریزیا، نەخۆشییە هاوبەشەکان، کۆنترۆڵی گوێزەری نەخۆشییەکان) هەموو ئەو هۆبانە بەردەوام کار دەکەن و هەفتانە لە نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستی داتا و زانیاری لەسەر پەتاکان کۆدەکەنەوە، بەتایبەتی (سکچوون و کولێرە و مەلاریا و ئیفلیجی کتوپڕ) ئەو داتاو زانیارییانەی کە کۆیان دەکەینەوە، لەگەڵ داتا و زانیاریی ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٧ بەراوردی دەکەین، لە هەر زیادەیەکی نەخۆشیی سکچوون، یان هەر پەتایەکی دیکە هەبێت، لە هەر شوێن و جێگایەك بێت، ئەوە تیمی تایبەت بۆ پشکنین و بەدوداچوون دەچن بۆ ئەوەی بزانن هۆکاری زیادبوونەکە چییە، تاوەکو رێکاری تەندروستی بۆ چارەسەر و پاراستن بگیرێتەبەر و هەفتانە ئەو داتایانە بە راپۆرت دەدرێنە وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
نەخۆشییە گوازراوەکانیش کۆمەڵێك نەخۆشی دەگرێتەوە، کە هەیانە وەك ئەنفلۆنزا کە لە وەرزی زستان و سەرما زیاتر دەبێت و بەپێی ئەو داتایەی کە کۆدەکرێتەوە لەسەر ئەنفلۆنزاکە ئەوە رێنمایی دەدرێتە نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستی بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ پاراستنی تەندروستیی خەڵك بکەن و هاوکات هۆشیاری و رێنمایی بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشییە لە رێگای پۆستەر بڵاو دەکەینەوە و لە وەرزی هاوین بۆ نموونە کار و رێنمایی و پۆستەر لەسەر سکچوون بڵاودەکەینەوە، هەروەها ئەو کەسانەی تووشی سکچوون بوون، پشکنینیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی دڵنیا بین سکچوونەکە کۆلێرایە یان کۆلێرا نییە، ئەو بەرنامەیە بۆ ئەو جۆرە نەخۆشییە بە درێژای ساڵ کاری لەسەر دەکەین. هەروەها نەخۆشییە زایندەکان هەیە کە نەخۆشیی (ئایدز و هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر) لە ١٠ مانگی رابردووی ساڵی ٢٠١٩دا نزیکەی ٢٣٣ هەزار پشکنینی ڤایرۆسیمان ئەنجام داوە بۆ چین و توێژی جیا جیا و ئەو پشکنینانە بۆ ئەو کەسانەیە کە پێش نەشتەرگەری بۆیان ئەنجام دەدرێت و هەر بوتلێکی خوێن لە کەسێك وەربگیرێت و پێش ئەوەی بدرێت بە کەسێکی دیکە، پشکنینی ئەو ڤایرۆسانەی بۆ دەکرێت و هەر کەسێك هاوسەرگیری بکات پیاو ژنەکە هەردووکیان پشکنینی ڤایرۆسیان بۆ ئەنجام دەدرێت و هەر کەسێکیش داوای نیشنگە (ئیقامە) بکات ئەو پشکنینانەی بۆ دەکرێت و هەر کەسێك لە ئوتێلی گەشتیاری و ریستۆرانت و کافتریا و خواردنگە و مەساج و سوپا کار بکات، دەبێت ئەو پشکنینی ڤایرۆسانەی بۆ بکرێت. هەر کەسێك لە مەساج و ئوتێلە گەشتیارییەکان کار بکات هەر سێ مانگ جارێك پشکنینی بۆ دەکرێت و کرێکارو کارمەندی هەموو شوێنەکانی دیکە ساڵانە جارێك پشکنینیان بۆئەنجام دەدرێت.

**ژمارەیەک شوێن سزادراون بە بڕی نزیکەی ١٥ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار دینار و ٢٣٣ تەن خواردن و خواردنەوەش بۆ ئێران گێردراونەتەوە**

**لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ تیمەکانی چاودێریی تەندروستی (١٢١١٦) سەردانی شوێنەکانیان کردووە لە سنووری پارێزگا و (٣٨٨٨) نموونە لە کاڵاو بەرهەم و خواردن و خواردنەوەکان وەرگیراوە بۆ پشکنین، کە لەم ژمارەیە (٢٣٦) کاڵا نەشیاوبوون و لەناوبراون**

**لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ (٢٠١٩)دا (٧٧) شوێن لەبەر ئەوەی رێنمایی تەندروستییان جێبەجێ نەکردووە، داخراون و نزیکەی ٢٣ تەن و ٨٠٣ کیلۆ خۆراکی نەشیاو لەناوبراوە**

**ژمارەیەک شوێن سزادراون بە بڕی نزیکەی ١٥ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار دینار و ٢٣٣ تەن خواردن و خواردنەوەش بۆ ئێران گێردراونەتەوە**

*** ئەگەر بکرێت ئاماژە بە هەڵمەتەکانی کوتان بکەن لە رووی ئەو کێشانەی رووبەڕووتان دەبنەوە و ئایا دەرئەنجامیان چۆن بووە؟**

- بەرنامەی کوتانی بەرفراوان یەکێك لە بەرنامە گرنگەکانی پاراستنی تەندروستییە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستانیش، چونکە بە هۆی بەرنامەی کوتان دەتوانین چەندین نەخۆشی گوازراوەی مەترسیدار لەسەر تەندروستیی منداڵان دووربخەینەوە و بیانپارێزین، بۆ نموونە لە هەفتەی یەکەمی تەمەنی منداڵەوە دەست بە کوتان دەکەین کە یەکەمجار منداڵ بە (BCG) دەکوترێت کە دەیپارێزیت لە نەخۆشیی سیل و تلقیحی هەوکردنی ڤایرۆسی جگەری پێ دەدرێت کە لە هەوکردنی ڤایرۆسی جۆری bی دەیپارێزیت و قەترەی ئیفلیجی منداڵان وەردەگرێت، بەڵام لە تەمەنی (٢ مانگی و ٤ مانگی و ٦ مانگی ) کە چەند کوتان و دەرزییەك وەردەگرێت کە ئەمانەش لە نەخۆشییەکانی (خەناق و ملەخرە و گوزازو و ئیفلیجی و سکچوون و هەوکردنی سییەکان و..هتد دەیانپارێزیت و لە تەمەنی ٩ مانگیدا منداڵ دەرزی سۆریکەی لێ دەدرێت و ئێستا گۆڕانکاری بەسەر ئەو دەرزی و کوتانەدا هاتووە و لە تەمەنی یەكساڵیدا منداڵ درزیی سۆریکەی تێکەڵاوی لێ دەدرێت کە لە نەخۆشیی سۆریکە و سۆریکەی ئەڵمانی و ملەخرێ دەیپارێزیت و منداڵ لە تەمەنی ١٨ مانگی و ٤ ساڵی دەرزیی چالاککەری لێ دەدرێت کە پێشتر لێی دراوە و ساڵانە یەکجار تا دووجار هەڵمەتی کوتان ئەنجام دەدەین بۆ منداڵانی تەمەن خوار ٥ ساڵ لە دژی نەخۆشیی ئیفلیجی منداڵ لە چوارچێوەی قەڵاچۆکردنی ئیفلیجیی منداڵان لە جیهاندا، هاوکات کوتانی گەورانیشمان هەیە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی دەچنە حەج و عومرە و بۆ ئەو کەسانەی بە شاند، یان خەڵکی ئاسایی کە دەچنە دەرەوەی وڵاتان جگە لە رێنمایی پاراستنی تەندروستی بەپێی ئەو وڵاتەی بۆ دەچێت، ئەوە تەلقیح و داودەرمانیشی پێ دەدەین و لەکاتی گەڕانەوەشیان دووبارە پشکنینیان بۆ ئەنجام دەدەینەوە بۆ دڵنیابوون لەسەر سەلامەتیی ژیانیان. بێگومان بە شێوەیەکی گشتی لە سنووری پارێزگای هەولێر بەهۆی بەرنامەی کوتانی بەرفراوان و بەردەوامەوە نەخۆشییەکانی هەناسە و سییەکان کەم بۆتەوە و نەخۆشیی ئیفلیجی منداڵان لە ساڵی ١٩٩٧ لە شاری هەولێر و سنووری پارێزگای هەولێر و لە ساڵی ١٩٩٨ لە هەموو هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە و نەخۆش سۆریکەش یەکێك لەو نەخۆشییانە بوو کە پێشتر زۆر بەربڵاو بوو، کاریگەریی دیکەشی لەسەر منداڵ دروست دەکرد و لە هەندێ حاڵەتدا دەبووە هۆکاری مردن، بەڵام نەخۆشیی سۆریکە ئێستاکە ژمارەکەی ئەوەندە کەم بۆتەوە، وەك حاڵەت دەردەکەوێت لەو کاتەشدا بەدواداچوون و چارەسەری بۆ دەکرێت و ئێستا زۆر بەدەگمەن گوێمان لە نەخۆشیی کۆکەڕەشە دەبێت و نەخۆشییەکانی دیکەی وەك دوو شاخە و نوکاف و گزاز و هەموو ئەو نەخۆشییانەی کە منداڵان تووشیان دەبێت لە هەموو هەرێمی کوردستان زۆر کەم بۆتەوە ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ باشتربوونی تەندروستیی منداڵان و کەمبوونەوەی رێژەی مردنیان.

*** باس لە کێشە و کاریگەرییەکانی نێرگەلە دەکرێت، ئێوە لەم رووەوە چ رێکارێك دەگرنەبەر و چۆن چاودێریی ئەم پرسە دەکەن؟**

- سەبارەت بە نێرگەلە لەگەڵ ئەوەم شتێکی تازەیە، بەتایبەت لە هەولێر، ئەگەرچی بەداخەوە زۆر بەربڵاو بۆتەوە، نێرگەلەش نەك تەنیا لە هەولێر، بەڵکو لە هەموو وڵاتانی دنیا خەڵکی گەنج و پیر و هەموو تەمەنەکان بەکاری دەهێنن، بەڵام بۆ کۆنترۆڵکردنی، یان کەمکردنەوەی نێرگەلەکێشان لە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان رێنمایی تایبەت دەرچووە بۆ رێکخستنی بەکارهێنانی نێرگەلە و ئەو شوێن و کافتریایانەی کە نێرگەلەی لێ دەکێشن، بۆ نموونە دەبێت ئەوەی نێرگەلە دەکێشێت تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت و شوێنەکە بەرفراوان و چەند هەواکێشێکی تێدا بێت و سۆندەی نێرگەلەکە یەکجار بەکاربێت لەگەڵ شووشەکە بە باشی پاك بکرێنەوە و چەندین رێنمایی دیکە و بۆ بەدواداچوون جارجار هەڵمەت بۆ شوێن و کافتریاکانی نێرگەلە دەکەین و ئەو شوێنانەی بێ مۆڵەت بوون، دامانخستوون و بڕێکی زۆر تووتن و کەلوپەلی نێرگەلە دەستمان بەسەردا گرتووە و لەناومان بردووە.

**لە ١٠ مانگی رابردووی ساڵی ٢٠١٩دا نزیکەی ٢٣٣ هەزار پشکنینی ڤایرۆسیمان بۆ چین و توێژی جیا جیا ئەنجام داوە**

**هەر بوتڵێکی خوێن لە کەسێک وەربگیرێت و پێش ئەوەی بدرێت بە کەسێکی دیکە، پشکنینی ڤایرۆسی بۆ دەکرێت**

**هەر کەسێک لە مەساج و ئوتێلە گەشتیارییەکان کار بکات هەر سێ مانگ جارێک پشکنینی بۆ دەکرێت و کرێکارو کارمەندی هەموو شوێنەکانی دیکە ساڵانە جارێک پشکنینیان بۆئەنجام دەدرێت**

**هەموو ئەو نەخۆشییانەی کە منداڵان تووشیان دەبێت لە هەموو هەرێمی کوردستان زۆر کەم بۆتەوە ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ باشتربوونی تەندروستیی منداڵان و کەمبوونەوەی رێژەی مردنیان**